نەوژین

ژمارە (٤) چوارشەممە ٢٠١٧/٣/٨

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات

کچانی گەرمیان دەگەڕێنەوە سەر تەختەی شانۆ

7 ««

«هێنانی ژنی دوەم لە گەرمیان لە هەمو شتێک ئاسانترە»

■ نەوژین

پارێزەرێک ئاشکرای دەکات ئەو یاساو رێکارانەی کە بۆ رێگەنەدان بە فرەژنی لەئارادان، کەموکورتیی و کێشەیان تێدایە، ئەمەش وایکردوە هێنانی ژنی دوەم ببێتە کارێکی زۆر ئاسان.

نەشـاد عومەر، پارێزەر لە گەرمیان، لەمیانـەی وتارێکـدا کـە تایبەت بۆ (نەوژین)ی نوسیوە، دەڵێت: «پرۆسەی فرەژنـی و هێنانی ژنی دوەم ئەگەر لە هەرێم رێژەکەی زیـادی کردبێت، ئەوا لە ناوچەی گەرمیاندا پرۆسەکە بوە بە دیاردەیەکی زۆر بەربڵاو و ئاشکرا».

دەشڵێت: «رەنگە لەناوچەکانی دیکە ئەنجامدانـی گرێبەسـتی هێنانی ژنی دوەم و زیاتریش هەندێک زەحمەت بێت بـۆ پیاوان، بـەڵام لەگەرمیان لەهەمو شتێک ئاسـانترە و هیچ زەحمەتێکی تێدا نییە».

بەپێـی ئامارێکـی بەڕێوەبەرایەتـی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی خێزانیی لەگەرمیان، رێژەی حاڵەتەکانی هێنانی ژنی دوەم لەسـاڵی رابردودا بەرێژەی ٢٪ زیادیکردوە.

بەوتـەی عەقید (لەمیعـە محەمەد)، بەڕێوەبـەری بەڕێوەبەرایەتـی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی خێزانیی لەگەرمیـان کە بۆ (نەوژین) قسـەی کردوە، هاتنی ئاوارەکان بۆ دەڤەرەکە رێژەی فرەژنی زیادکردوە، بەو هۆیەی خێزانە ئاوارەکان فرەژنی تائێسـتاش حاڵەتێکی ئاسـاییە لەلایان و رێگەی پێدەدەن.

ئەو پارێـزەرە ئاماژەی بەوەکردوە کە پیاوان بـۆ هێنانی ژنی دوەم رو لە دادگاکانی ناوچـە دابڕێنراوەکان دەکەن کە سـەر بە حکومەتی عێراقیـن و لـە گەرمیانـەوە نزیکن، لەوێ بە ئاسـانی ژنی دوەم و زیاتر مـارە دەبڕن، بەبێ ئەوەی لە یاسـاکەی هەرێمی کوردستان باسێکی لەم مەسەلە کردبێت.

وتیشی: «یاساکەی هەرێم مەرجداری کـردوە کەپیاو لەکاتی ئەنجامدانی فرەژنی تەنها هاوسەرەکەی دەتوانێت سـکاڵای لەسـەر بکات، ئەم کارەش هێندەی تر بەدواداچونی یاسـایی دژ بەو پیاوانە قورس کردوە.»

لە لاپەڕە (٩) وتارەکەی پارێزەر (نەشاد عومەر) دەخوێنیتەوە.

قۆناغەکانی 8 ی مارس

■ نەوژین

٨ی مارس وەکو کورتکراوەی رۆژی جیهانی ژنان دەستنیشانکراوە، لەم بەروارە ژنان لەسەرانسەری جیهان ئاهەنگ دەگێڕن و باس لەو دەستکەوتانە دەکەن کە لەروە جیاوازەکانی ژیان بەدەستیان هێناوە. لێرەدا پێنج قۆناغی مێژویی و گرنگی ئەم رۆژە دەخەینە رو.

بۆیەکەمجار و بەفەرمیی، ئەم رۆژە وەکو بۆنەیەکی تایبەتی ژنان دەستنیشانکرا، ئەویش کاتێک لـە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی ژنانـی دیموکراتی جیهانی لە پاریس لە سـاڵی ١٩٤٥ بڕیار لەوە درا ئەو بەروارە وەکـو رۆژێکی تایبەت بە ژنان بناسرێت.

دیارییکردنـی ئـەم رۆژە، رەگێکـی مێژویـی دورتـری هەیـەو پەیوەندی هەیە بەو بزوتنـەوە ناڕەزایەتیەی کە پێش سەدەی بیسـت ژنانی ویلایەتە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا دەسـتیان پێکرد.

ئـەم رۆژە رەگەکەی لـە ئەمریکایەو دواتر لەگـەڵ پەرەسـەندنی خەباتی بزوتنەوەکانی ژنان، بۆ هەمو ناوچەکانی گۆی زەوی دەکشێت.

لەسـاڵی ١٨٥٦ بەهـەزاران ژن رژانە سەر شەقامەکانی شـاری (نیویۆرک)ی ئەمریکا، بۆدەربڕینی ناڕەزایەتییان لەبارەی بارودۆخـی خراپی ژیانیان و بەتایبەت ئیشـکردنیان، بەوەی ناچار دەکـران بە کارکردنـی زۆر و قورس، ئەمەش بەرپرسانی ناچار کرد چاوێک بەو مەسەلەیەدا بخشێننەوە.

دواتـر و لەسـاڵی ١٩٠٨، بەهەزاران ژنـی کارکەر لە کارگەکانی رسـتن دا جارێکی دیکە هاتنە سەر شەقام، بەڵام ئەمجارەیان نانێک و چەپکێک گوڵیان هەڵگرتبو و هەر بەم بۆنەیەشەوە ناوی بزوتنەوەکەیـان نا «نـان و گوڵ».

خۆپیشاندانەکەی ئەم بزوتنەوەیە داوای کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن و قەدەغەکردنی ئیشپێکردنی منداڵان و دەستبەرکردنی مافی ژنانی دەکرد.

هـەروەک یەکێکـی تـر لـە داوا سـەرەکیەکانیان ئەوەبـو کـە ژنان هاوتای پیاوان مافی بەشدارییان هەبێت لە هەڵبژاردنە گشتییەکان دا و بتوانن دەنگ بدەن.

ئـەم بزوتنەوەیـە بوە دەسـتپێکی بزوتنەوەیەکی بەرفراوانتر و کاریگەرتری ژنان بەتایبەت کە ژنانێکی زۆر لە چینی ناوەند هاتنە پاڵ بزوتنەوەکەو پێکەوە داوای دەسـتبەرکردنی مافە سیاسی و مەدەنیەکانیان و یەکسانییان دەکرد.

ئیتر دوای ئەو ساڵە ئەو رۆژە لەلای ژنانی ئەمریکا وەکو رۆژێک بۆ جەختکردنەوە لە مافەکانی ژنان ناسراو هەمو ساڵێک لەو بەروارەدا خۆپیشاندان و رێپێوانی جەماوەریی ژنان بەڕێوە دەچو.

بەڵام پەسـەندکردنی ئەم رۆژە وەکو بۆنەیەکـی جیهانـی بەشـێوەیەکی فەرمیی، دواکەوت هەتا ساڵی ١٩٧٧، کە تیایـدا نەتەوەیەکگرتوەکان داوای لە وڵاتانی ئەندامی کرد بەوەی رۆژێک دیاریـی بکـەن لەسـاڵدا وەکو رۆژی ژنان، زۆرینەی وڵاتان ٨ی مارسـیان دەستنیشان کرد.

هەربۆیە بەکۆی دەنگی وڵاتانی ئەندام لـەو سـاڵەدا ٨ی مـارس لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانـەوە بـە رۆژی جیهانـی ژنـان دەستنیشان و پەسەند کـرا، هەربۆیە زۆربەی وڵاتـان ئـەو رۆژەیان وەکـو بۆنەیەکـی فەرمی بۆ ژنان دان پێدا ناوە.

کچانی کاکەیی .. قوربانیی بیروباوەڕی ئایینی و پلەبەندیی کۆمەڵایەتیین

3 ««

دو هاوسەری پێشمەرگە

6 ««

منداڵانی سەر زبڵدانەکان

8 ««

بۆ وازهێنان لەمارەیی ڤیدیۆی هاوسەرەکانیان دەگرن و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی دەکەن

■ نەوژین، گوڵباخ حەسەن

ئەوەی کە هەرگیز (چیمەن) بیری لێنەکردبویەوە، ئەوەبوە کە ڕۆژێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کە هاوبەشی ژیان و باوکی منداڵەکانێتی، لەکاتی سەرجێیکردندا بەدزیەوە کامێرا دابنێت و وێنەی بگرێت، لەوەش شۆک تر ئەوەیە کە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکان بکات ئەگەر ئەم بە داواکانی رازیی نەبێت.

ئەو کە ژنێکی تەمەن (٣٠) ساڵە، پاش زنجیرەیەک کێشەو شەڕی خێزانی، پیاوەکەی داوای جیابونەوەی لێدەکات، بەڵام نایەوێت مارەییەکەی بدات، هەربۆیە پەنا بۆ وێنەگرتنی دەبات و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەو ڤیدیۆکانیش دەکات ئەگەر ئەم داوای مارەیی بکات.

لەسەرەتادا کە گوێبیستی چیرۆکی (چیمەن) بوم، توشی سەرسوڕمان بوم و پێموابو حاڵەتێکی تاک و بارودۆخێکی شاز و تایبەتە، بەڵام کە بەدواداچونی زیاترم کرد، ئەوەم بۆ رونبویەوە کە ژمارەیەکی زۆرتر لە ژنان روبەروی هەمان بارودۆخ کراونەتەوە.

ئەو ژنانە باسلەوەدەکەن کە بەهۆکاری دەستبەرداربون بەبێ هیچ بەرامبەر و مارەییەک، پیاوەکانیان پەنایان بۆ ئەم کارە قێزەونە بردوە.

(چیمەن) کە ناوی ئەو و هەمو ئەو ژنانەی دیکە کە وەکو قوربانی لەم راپۆرتەدا هاتون خوازراون، باسی لەوەکرد دوای چونەوەی بۆ ماڵی باوکی مێردەکەی رازیدەکات بۆئەوەی بگەڕێتەوە لای، بەڵام دوای سێ شەو دیسان لەماڵ دەری کردووەو ئەمجارە پێیوتوە کە گرتەی ڤیدیۆیی لێ گرتوە و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی دەکات ئەگر بیەوێت داوای مافی جیابونەوەی بکات.

ئەو ژنە ئاماژەی بەوەکرد کە بەناچاریی و بۆ پاراستنی ناو و ئابڕوی خۆی و خێزانەکەی، بۆیە رازیی بوە بە مەرجی هاوسەرەکەی و دەستی لەهەموو مافەکانی هەڵگرتوە.

چیمەن، دواین قوربانی ئەمجۆرە لە تەڵەکەبازیی نیە، بەڵکو چەندین کەسی هاوشێوەی هەن کە هەمویان بەمشێوەیە لەترسی کۆمەڵگاو ئابڕوچونیان دەستیان لەمافەکانی خۆیان هەڵگرتەوە و بە جیابونەوە رازیی بون.

سەوسەن، یەکێکی دیکەیە لە قوربانیانی ئەم حاڵەتە. ئەو چیرۆکی خۆی بەمشێوەیە بۆ (نەوژین) دەگێڕێتەوە: «بەهۆیَ ئەوەی منالَم نەبو مێردەکەم بەردەوام هەڕەشەی جیابونەوەی لێدەکردم، ماوەیەک لەگەڵم زۆر باش بو بەشێوەیەک هەرگیز ئەو هەڵسوکەوتەم لێ نەبینی بو، چەند جارێک لەکاتی سەرجێیکردن دا داوای وێنەگرتن و گرتەی ڤیدیۆیی لێکردم، منیش هەرگیز بیرم بەلای ئەوە دا نەچو کە مێردەکەم بۆ مەرامی خراپ بەکاری بهێنێت، بۆیە رازیی بوم بەداواکەی، کەچی دواتر زانیم بۆ مەبەستی دیکە وێنەو ڤیدیۆی گرتوم».

وتیشی: «هاوسەرەکەم لەپڕ لەگەڵم گۆڕاو ناچاری کردم رازیبم بەوەی ژنم بەسەردا بهێنێت و منیش رازیی بوم، هەر دوای رازیی بونیشم هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانی لێکردم ئەگەر داوای جیابونەوە نەکەم، منیش بە ناچاری و لەترسی کێشەی کۆمەڵایەتی بێ دەنگیم هەڵبژارد و لەبەرامبەر سڕینەوەی گرتە ڤیدیۆییەکان لەهەموو مافە یاساییەکانم خۆش بوم».

وتیشی: «دواجار بۆم دەرکەوت مێردەکەم رێگەی بۆ دانراوە و بۆ ئەوەی من بێبەشببم لە موڵک و سامانەکەی، ئەو کارەی لەگەڵکردووم».

ئەو ژنانەی ئەم کارەیان لەبەرامبەردا کراوە، لەپێناو ئەوەی لەلایەنی مەعنەوییەوە تێکنەشکێن و ناوبانگی خێزانەکانیان خراپ نەبێت، چونەتە ژێرباری خواست و داوای مێردەکانیان بەجیابونەوە بەبێ هیچ بەرامبەر و مافێک. بەڵام ژنانێکی دیکەش هەن کە جیاواز لەو دو حاڵەتەی پێشو، مامەڵەیان لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا کردوە.

نەسرین، بە پێچەوانەی (چیمەن) و (سەوسەن)ەوە توانیویەتی بەهاوکاری دادگا لەو داوە رزگاری بێت کە مێردەکەی بۆی ناوەتەوە.

ئەو بۆ (نەوژین) باسیلەوەکرد دوای ئەوەی تۆراوە لەماڵی باوکی بوە لەرێگەی ژمارەیەکەوە ئاگادار کراوەتەوە کە گرتەی ڤیدیۆیی هەیەو بۆ بڵاونەکردنەوەی داوای بڕە پارەیەکی لێکراوە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت کە مێردەکەی خۆی بوە کەتەلەفۆنی کردوەو ئەو سیناریۆیەی دا‌ناوە، بۆیە ئەویش سکاڵای لەدژ تۆمارکردوەو سزای تاوانەکەی خۆی وەرگرتوە.

بەڵام هەمو کات ژنان ناتوانن ئەوەی نەسرین کردویەتی، ئەوانیش پێیهەستن، چونکە زۆرێکیان پێیان باشترە بێبەش بن لە مافە مادیەکانیان، بەڵام ناوبانگی خۆیان و خێزانەکانیان لەدەست نەدەن.

بەوتەی چالاکوانێکی بواری ژنان، هەمو کات ژنانی قوربانی لەبیری ئەوەدان لەروی مەعنەویی و کەرامەتەوە پارێزراو بن، هەر ئەمەشە وادەکات زۆرجار ناهەقی و زوڵمیان بەرامبەر بکرێت یان قبوڵی بکەن.

ڤیان سابر، سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی رێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان لەگەرمیان کەلەبواری ژنان دا چالاکن، ئاماژە بەوەدەکات کە زۆرحاڵەت هاتوەتە بەردەستیان کە ئەگەر ژنەکان سکاڵایان تۆماربکردایە، پیاوەکان روبەروی سزا دەبونەوە، بەڵام لەترسی «زڕاندنی ئابڕو و ناوبانگیان»، بێدەنگییان هەڵبژاردوە.

وتیشی: «مرۆڤ زۆرجار سەری دەسوڕێت لەبەرامبەر قێزەونی رەفتاری هەندێک لەپیاوان، کە بۆ پێنەدانی مافێکی مادیی هاوسەرەکانیان، بیر لە شێواز و رێگای وەها خراپ و چەپەڵ دەکەنەوە، کە مرۆڤ بەبیستنی توشی شۆک دەبێت».

ئەو چالاکوانە، وتیشی: «هەندێک لەپیاوان باس لەوەدەکەن کە هاوسەرەکانیان شەرەف و ناموسیانن، ئەمە چ جۆرە وەهمێکە کە ژن کاروە بە شەرەف و کەرامەتی پیاو، کاتێک پیاوانێک هەبن ئامادەبن تا ئەو رادەیە برۆن کە مشتێ پارەیان لە بڵاوکردنەوەی وێنەی روتی هاوسەرەکانیان بەلاوە گرنگتر بێت؟!»

ئارەزوە یان ناچاریی یاخود چاولێکەریی؟

نیقاب روخساری هەندێک لە ئافرەتانی گەرمیان دادەپۆشێت

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

(کوێستان) زۆرکات کە بەلای دوکان و فرۆشگاکانی کەمالیات و جوانکاریی ژنان دا تێدەپەڕێت، لەدڵەوە ئارەزوی پۆشینی هەندێک لەو جلوبەرگانە دەکات، ئومێدەوار بو کە بیتوانایە بیانپۆشێت، بەڵام ئەو بارودۆخە ژیانییەی کەتیایەتی و ئەو روبەندەی کە داویەتی بەسەر روخساری دا، ناچاری دەکات تەنها یەک جۆر جلوبەرگ لەبەر بکات.

> هاوڕێیەکم نیقابی دەکرد، بۆیە منیش چومە سەر رای ئەو

کوێستان، لەگەڵ هاوسەرگیرییکردنی دا، مێردەکەی ناچاری کردوە کە روبەند «نیقاب» بدات بەسەر دەموچاوی داو دەستبەرداری ئەو جلانە بێت کە پێشتر لەبەری کردون.

ئەم ژنە نمونەی چەندین ژنی دیکەیە کەلەماوەکانی رابردودا ژمارەیان لەنێو کۆمەڵگەدا زیادی کردوە، لەکاتێکدا دیمەنی ژنی روبەند پۆش، دیمەنێکی تارادەیەک نامۆیەو لەکۆمەڵگەی کوردەواریی دا بەتایبەت لە کۆتا چارەکی سەدەی بیست تا ئێستا، نمونەی کەم بوە.

ژنانێک لەگەرمیان رویان لەپۆشینی روبەند کردوە، بەتایبەتیش لەگەڵ پەرەسەندنی تەوژمە ئاینییە توندڕەوەکان و گروپە داخراوەکان، پۆشینی روبەندیش لەزۆر جێگای جیاوازی وەکوە بازاڕ و زانکۆ و شوێنە گشتیەکانیشدا دەبینرێت.

هەندێک لە ژنان باسلەوەدەکەن کە بەخواستی خۆیان روبەندیان نەکردوە، بەڵکو بۆ رازییکردنی هاوسەرەکانیانە. کوێستان، یەکێکە لەو ژنانە. ئەو بۆ (نەوژین) وتی: «من خۆم ئارەزوی ئەوەم نیە ئەمجۆرە نیقابە بکەم، بەڵام کە زەواجم کرد و هاوژینەکەم سەلەفیە، داوای کرد کە بیکەم، منیش ناچاربوم بەقسەی بکەم.»

ئەو باسیلەوەشکرد ئەگەر پابەند نەبێت بەم مەرجەی هاوسەرەکەیەوە، ئەوا هاوسەرەکەی تەڵاقی دەدات «لەوانەیە بێتە هۆی جیابونەوەشمان، بۆیە بڕیارم داوە کە بەقسەی ئەو بکەم و ئەم جۆرە نیقابە بکەم».

بەڵام بەپێچەوانەی ئەو ژنەوە، (سارا) ژنێکی دیکەیە کە روبەندی کردوە، باسلەوەدەکات کە بەخواستی خۆی ئەوکارەی کردوە.

بۆ (نەوژین) وتی: «من هیچ کەسێک زۆری لێنەکردوم کە نیقاب بکەم، بەڵام خۆم ویستم لەسەری بوەو بەردەوامیش ئەبم».

وتیشی: «ئارەزومە هەمو کچان نیقاب و ئەم جۆرە جلانەی من لەبەر بکەن».

ئەگەرچی نیقاب بۆ کۆمەڵگای کوردیی تاڕادەیەکی زۆر نامۆیەو دیاردەیەکە پێشینەی کەمە، بەڵام لەوڵاتانی دیکەی ئیسلامییدا، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە بە موحافیزکار ناسراون، دیاردەیەکی ئاسایی و بڵاوە، تەنانەت لەو ناوچانەی عێراقیش کە بە توندوتیژیی ئاینی ناسراون، ئەم دیاردەیە لەمێژەوە تائێستا بونی هەبوەو هەیە.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم کارە نەریتە یان شەرع؟ ئایا کارێکە رەگی ئاینیی هەیە یان پەیوەندی بەکەلتوری عەرەبەوە هەیە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، جاسم کەلاری، ئیمام و پێشنوێژی مزگەوتی (عەبدولقادر گەیلانی) لەکەلار دەدوێنین.

ئەو بۆ (نەوژین) وتی: «لەئاینی ئیسلامدا کردنی روبەند بۆ ئافرەتان سونەتە و هەندێک لەزانایانیش دەڵێن فەرزە».

ئەو زانا ئاینییە نەیشاردەوە کە ئەم جۆرە کار و جلوبەرگانە، بەپلەی یەکەم بە کۆمەڵگاکە کەوتوە. لەوبارەوە وتی: « پۆشینی ئەو جۆرە جلوبەرگانە لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆکۆمەڵکەیەکی تر دەگۆڕێت».

لەنێو هەمو جلوبەرگە ئیسلامیەکان دا، زیاتر لە هەر جۆرێکیان، نیقاب لەسەر ئاستی وڵاتانی رۆژئاوا، باسوخواسی خستوەتەوە، تاگەیشتوەتە ئەو ئاستەی کەلەهەندێک لەو وڵاتانە دا قەدەغەی بکەن.

م.جاسم کەلاری، لەگەڵ قەدەغەکردنی ئەمجۆرە لە پۆشاک نیە، بەڵکو پێیوایە ئەبێت ئازادیی بەکەسەکان بدرێت بۆ کردنی یان نا. لەوبارەوە دەڵێت: «نیقاب لەکۆمەڵگای کوردیدا بەکەمی دەبینرێت، بەڵام ئازادییش دراوە پێیان، چۆن ئازادی دراوە بە کچان کە سفور بن».

ئەگەر بۆ هەندێک لە ژنان کردنی روبەند ناچاریی بێت و بۆ هەندێکی دیکە بەخواستی خۆیان بێت، ئەوا بۆ هەندێکی دیکە مەسەلەکە لاساییکردنەوەو چاولێکردنی دەوروبەرە.

گوڵاڵە، کچێکی روبەند پۆشە، ئەو یەکێکە لەوانەی کە بەهۆی چاولێکردنەوە بڕیاری روبەند پۆشینی داوە.

ئەو بۆ (نەوژین) وتی: «سەرەتای دەرکەوتنم وانەبوم، بەڵام هاوڕێیەکم ئەم جلانەی لەبەردەکرد، بۆیە منیش چومە سەر رای ئەو و منیش ئێستا روبەند دەکەم و باڵاپۆشم».

دانی بەوەشدا نا کە روبەند و نیقاب کردن بەلای خەڵکییەوە کارێکی نامۆیە و مایەی سەرسوڕمانیانە «بۆیە هەندێکجار توشی کۆمێنت وتوانجی خەڵکی دەبینەوە».

«پێیانباشە قەیرە بن، بەڵام شو بەکەسانی دەرەوەی خۆیان نەکەن»

کچانی کاکەیی .. قوربانیی بیروباوەڕی ئاینیی و پلەبەندیی کۆمەڵایەتیین

■ نەوژین، گوڵباخ حەسەن

زۆربەی کات هاوسەرگیری بەوە دەناسرێت کە جگە لەوەی بەیەک گەیشتنی دو مرۆڤە، هاوکات دروستکردنی دۆستایەتییشە لەنێوان دو بنەماڵەو دو خێزان، بەڵام بۆ (ل.هـ)، هاوسەرگیرییەکەی نەک نەبوە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی بنەماڵەی خۆی و هاوسەرەکەی، بەڵکو دەرەنجامەکەی وا کەوتەوە کە بنەماڵەکەی «حاشای لێبکەن» و قسەی لەگەڵ نەکەن.

ئەو ژنێکی تەمەن (٣٠) ساڵی کاکەییە، شوی بە کوڕێکی موسوڵمان کردوە، ئەمەش کارێکە بەپێی بیروباوەڕە ئاینییەکەیان، وەکو تاوان هەژمار دەکرێت، هەربۆیە لەسەر ئەو کارە توشی چەندین کێشە بوەتەوە.
کاکەییەکان، پێکهاتەیەکی ناسراو و لەمێژینەی کوردستان و گەرمیانن بەتایبەت، ئەوان لەوەتەی مێژو نوسراوەتەوە لەم دەڤەرەدا، نیشتەجێن.
ئەگەرچی لە زۆر رو و زۆر بواردا تێکەڵی موسوڵمانان بون، بەڵام لەروی هاوسەرگیریی و «ژن و ژنخوازییەوە»، پارێزگارییان لە تێکەڵبون کردوە.
بۆچون زۆرە لەبارەی بنەماکانی کاکەییەوە، هەیە بە ئاین ناوی دەبات و هەیە بە ئاینزا، هەیە بە موسوڵمانیان دادەنێت هەیە بە زەردەشتی، هەیە بە لقێک لە لقەکانی شیعە غوڵاتەکان وەسفیان دەکات و هەشە بە ئاینزایەکی سەربەخۆی ئیسلامیی. بەوهۆیەی بیروباوەڕی کاکەیی داخراوە بۆ کەسانی غەیرە خۆیان، بۆیە تائێستا چیەتی ئەم بیروباوەڕە بەتەواوی رون نەبوەتەوە.
ئەوەی لەروی پلەبەندی کۆمەڵایەتییەوە لەو بیروباوەڕەدا ئاشکرایە، ئەوەیە کە ئەوان لەنێو خۆیاندا سێ پلەی کۆمەڵایەتییان هەیە: (مرید، پیر و دەلیل)، کەلەناو خەڵکی دا بە (سەید، باوەو عەوام) ناودەبرێن.
هاوسەرگیریی لەنێوان ئەم پلانەدا زۆر کەمەو لەهەندێک باریشدا قەدەغەیە، سەید و باوە لەنێوان خۆیاندا هاوسەرگریی دەکەن، بەڵام لەگەڵ چینی خوارەوەدا نایکەن و رێگەپێنەدراوە، هەروەک هاوسەرگیریی لەدەرەوەی خۆشیان و لەگەڵ ئاینەکانی دیکە کارێکی قەدەغەیە.
ئەگەرچی هەندێک حاڵەت هەبون کە کوڕی کاکەیی کچی موسوڵمانی هێناوە، بەڵام بەپێچەوانەوە شوکردنی کچی کاکەیی بە کوڕی موسوڵمان، زۆر کەم و دەگمەنە، چونکە ئەم کارە ژن و خێزانەکەی روبەروی «نەفرەتی کۆمەڵایەتی» دەکاتەوە.
(ل.هـ)، ئەو ژنەی لەسەرەوەی ئاماژەمان بە چیرۆکەکەی کرد، ژیانی پێکهێناوە لە گەڵ کوڕێکی موسڵمان و خاوەنی کچێکە. باسیلەوەکرد کە ماوەی ٤ ساڵە هاوسەرگیریی کردوەو هەر لەسەرەتاوە تائێستا، روبەروی کێشە و ئاستەنگ بوەتەوە.
ئەو بۆ (نەوژین) وتی: «کە هاوسەرگیریم کرد، جگە لە باوکم، خێزانەکەم لارییان نەبو، بەڵام بنەماڵەکەم حاشایان لێکردم و قسەم لەگەڵ ناکەن.»
وتیشی: «لەدوای هاوسەرگیریکردنم لەگەڵ کەسێکی غەیرە کاکەیی یەک کەسوکاری کاکەیم پیوەندیان لەگەڵم نەماوە، جگە لەخێزانەکەی خۆم هەموو دەرگاکانی هاتوچۆکردنم لەگەڵ داخراوە».
بەخەمباریشەوە ئەوەی وت کە قسەو قەسەڵۆکی بۆهەڵدەبەستن و تەنانەت کاتێکیش لەرێوبانەکاندا دەیبینن سڵاوی لێناکەن و روی خۆیانی لێوەردەگێڕن.
کچانی کاکەیی، هەر لەسەرەتاوە بەوەرادەهێنرێن کە بواری هاوسەرگیرییان سنوردار و دیارییکراوە، ئەوان جگە لە ئاین و پلەی کۆمەڵایەتی خۆیان، ناتوانن لەگەڵ کەسانی تر ئەگەر دڵخوازیشیان بێت، هاوسەرگیریی بکەن، بەمهۆیەشەوە زۆرێکیان روبەروی قەیرە بون دەبنەوە.
(ر)، کچێکی کاکەیی تەمەن (٤٠) ساڵانە. باسلەوەدەکات ئاینی کاکەیش وەک هەردینێکی تر کۆمەڵێک رێساو یاسای هەیە بەتایبەت بۆ ئافرەت قورسەو «بەناچاریش ئێمە قەبوڵمانکردوە».
دەشڵێت: «رێساکان تاڕادەیەک بۆ کوڕانی کاکەیی ئاسانترە، بەڵام بۆ ئافرەت زۆر سەختە، من دەبێت یان ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ خزمەکان و دەوروبەرەکەی خۆم پێکبێنم یان ئەبێت چاوەڕوانی رەحمەتی کەسێک بکەم کە لە هەمان تەبەقەی دینی خۆم بێتە خوازبێنیم».
بەرای ئەو کچە، ئەم بارودۆخە وایکردوە لەهاوسەرگیریی دا کچان زۆرتر روبەروی ئاستەنگ ببنەوە هەتا کوڕان «ئەمەیە وایکردوە کچانی کاکەیی ژمارەیەکیان لە پرۆسەی هاوسەرگیری بێبەشبن و بەکچێتی بمێننەوە، لەبەرامبەریشدا کوڕانی کاکەیی کام کچە جوان و ناسک و منداڵە دەیخوازن و گەورەکانیش دەمێننەوە».
سەرباری هەمو ئەم لێکەوتانەش لەسەر کچانی کاکەیی، بەڵام پیاوانی ئاینی یان ئەوانەی پێیان دەوترێت گەورەو دەمسپی، جەختلەوەدەکەنەوە کە کچەکانیان بۆیان نییە هاوسەرگیریی لەدەرەوەی خۆیان بکەن.
سەید حەیدەر دەروێشی، کەسایەتی ئاینی کاکەیی، بۆ (نەوژین) وتی: «رابەرانمان رێنماییان داوە غەیری تایفەی خۆمان هاوسەرگیری نەکەین».
وتیشی: «ئافرەتی کاکەیی مافی نییە هاوسەرگیری لەگەڵ غەیری دینی خۆی بکات».
لەبارەی سزای ئەو کچانەوە کە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانی غەیرە دینیان دەکەن، (مازن) کە کوڕێکی کاکەییە، باسیلەوەکرد کە هەندێکجار سزاکان

کچان و کوڕانی کاکەیی لە یەکێک لە سروتە ئاینییەکانیان دا مۆزیک دەژەنن

گەشتونەتە کوشتن!
ئەو بۆ (نەوژین) وتی: «لەرابردودا سزای ئەو کچانەی هاوسەرگیریی لەگەڵ غەیرە دینیان دەکەن، کوشتن بو، بەڵام ئێستا ئەو حاڵەتە نەماوەو بەڵکو سزاکان بوەتە سڕکردنی رۆڵی کۆمەڵایەتی و بەرکەوتنی نەفرەتی کۆمەڵگای کاکەیی ولەپاڵ نانی ناو و ناتۆرە».
بەڵام (باوە حەمید رەشید)، یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی کاکەیی لەکوردستان و گەرمیان، بۆچونێکی تری هەیەو پێیوانیە سزاکان هێندە قورس بن.
وتی: «ئەگەر کەسێک کارێکی وابکات ئەوە ئێمە پێمان خۆشنیەو ئەو کەسەمان خۆشناوێت کە وایکردوەو دەست خۆشی لێناکەین».
وتیشی: «لەناو کلتورەکەی ئێمەدا ئافرەت سەرپشکە لە هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانی خۆی، بۆنمونە هاوسەرگیری بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان چینی سەید و باوەدا ئەکرێت، بەڵام ئێمە چینێکی ترمان هەیە کە چینی ئاساییە یان چینی خوارەوە بۆیان نیە لەگەل سەید و باوە زەواج بکەن».
باوە حەمید، ئاماژەی بەوەشکرد سەباری ئەو رێسایانە، بەڵام رویداوە لەنێوان باوە و چینی ئاسایدا زەواج کراوە، بەڵام ئەوە لە گەرمیان نەبوە بەڵکو لەناوچەکانی هەولێر و کەرکوک دا بوە.
ئەوەشی وت کە بەلای ئەوانەوە پەسەندە لە نا و خۆ یا ندا هاوسەرگیریی بکەن «ئێمە ئافرەتمان نادەین بە خەڵکی دەرەوەی ئاینی کاکەیی، ئەگەر ئەوەش روبدات ئەوە بەلامانەوە پەسەند نیە، نەهیان لێناکەین، بەڵام پێشمان خۆشنیە و پشتگیری ناکەین».
ئەم سنوردارکردنە لە یەکێک لە مافە گرنگ و بنەڕەتیەکانی ژیانی مرۆڤ کە هاوسەرگیریی و دەستنیشانکردنی هاوسەرە بەدڵی خۆت، وایکردوە لەنێو نەوەی نوێی کاکەییەکان، جۆرێک لە ناڕەزایەتی و نیگەرانی دروست بێت، ئەوان ئەم بنەمایە رەد دەکەنەوە یان پێیان باش نییە کە نەتوانن بەدڵی خۆیان هاوسەرگیریی بکەن.
مازن، نیگەرانی لە رێساو بنەما ئاینییەکانیان دەربڕی لەبارەی هاوسەرگیرییەوە.وتی: «ناڕەزایەتیەکی زۆرم هەیە لەو سنورانەی بۆم دانراوە لەبەردەم زەواج کردندا».
لەیلا سەلیمی، کە کچە رۆژنامەوانێکی کاکەییە، نیگەرانە لەکۆتوبەندەکانی هاوسەرگیریی کچان لەلای بیروباوەڕەکەیان. بۆ (نەوژین) وتی: «بونی تەبەقەو چینی کۆمەڵایەتی، کچانی ئێمەیان کردوەتە قوربانی، ئێستا لەنێو هەر خێزانێکی کاکەیی چەندین کچ ماونەتەوەو بون بە قوربانی کلتوری فیکری سەقەت، ئەمەش خەسارەتێکی گەورەیەو دەبێت هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی هەڵبگیرێت».
بەڵام لەبەرامبەردا ئەگەر کچانی کاکەیی بێبەشکرابن لەوەی بەخواستی خۆیان و لەدەرەوەی بیروباوەڕە ئاینییەکەیان هاوسەرگیریی بکەن، کوڕانێکیش هەن کەبەهۆی ئەوەی کاکەیین، لەدەرەوەی بیروباوەڕەکەی خۆیان رێگەنەدراوە هاوسەرگیریی بکەن و بە کچانی دڵخوازیان بگەن.
ئاراس زۆراب، کوڕێکی رۆژنامەنوسیی کاکەییە. باسلەوەدەکات کە پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کچی غەیرە ئاینی خۆی هەبوە، بەڵام بەهۆی جیاوازی ئاینییەوە رازی نەبون هاوسەرگیریی لەگەڵ دا بکات.
ئاراس پێشیوایە کە راستە رێگریی دەکرێت لەوەی کچانی کاکەیی شو بەکەسانی غەیرە بکەن، بەڵام پێشوایە ئەم حاڵەتەش پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاریی و رۆشنبیریی خێزانەکانیشەوە.
(لەیلا سەلیمی)ش، هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچونەو باسلەوەدەکات کە ئەو بابەتە پەیوەندی بە خودی خێزانەکانەوە هەیە، بەڵام پێشیوایە هەمو ئاینەکان ناهەقی بەرامبەر بە کچان دەکەن «ئەو ناهەقیەی لە نێو کاکەیی دا بەرامبەر بە کچان دەکرێت لەنێو ئاینەکانی تر زیاتر بەرچاو دەکەوێت».
سەرباری ئەمانەش، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەرنەفرەت و حاشالێکردنی بنەماڵەو بیروباوەڕەکەیان نەکەون، کچانی کاکەیی کەمتر دەوێرن ئەم بنەمایە بشکێنن و شو بەکەسانی دەرەوەی بیروباوەڕەکەیان بکەن.
(ل.هـ)، لەوبارەوە وتی: «ئەگەر کچێک بیەوێ ئەوکلتورە بشکێنێت زەحمەت ئەکێشیت وەکو ئەوەی من بینیم، بەڵام بینینی ئەو زەحمەت و کێشانە، هێشتا لەوە باشترە کە بەخواستی ئەوان و بەنابەدڵی و ناچاری شو بکەیت».

بەشێک لە خێزانەکان ناهێڵن کچەکانیان لە دەرەوەی شار بخوێنن

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

لەو ماوەیەدا کەلەئامادەیی خوێندویەتی، (ڕێزان) ئەوەی ویستوەو حەزی لێبوە ئەوەبوە کەبتوانێت نمرەیەکی باش بەدەست بێنێت و لەو کۆلێژە درێژە بەخوێندن بدات کەدەیەوێت، بەڵام ئەگەرچی نمرەی پێویستی بۆ خوێندن لەو کۆڵێژە بەدەستهێنا، کەچی ڕێگرییە خێزانیەکان، خەون و ئاواتەکەیان پوچەڵ کردەوە.

ئـــەو نمونەیەکە لەو کچانەی کە بەهۆی ڕێگـــری خێزانەکانیان لـــەوەی نابێت لـــە شـــارێکی تـــری دەرەوەی کەلار و زانکۆیەکـــی تـــری دەرەوەی گەرمیان بخوێنن، ئەو حەزانەی لەبواری خوێندن دا هەیانبوە، بەدیی نەهاتوەو بەناچاری رویان لـــە کۆلێژ و بواری تری خوێندن کردوە.

ژمارەیـــەک لە کچانـــی گەرمیان، پاش تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، بەهۆی زاڵبونی ئەو کلتورەی کەتائێستاش ژنان بەلاواز دەبینێت، ڕێگـــە بەمناڵەکانیان نادەن لە شـــارەکانی دەرەوەی ناوچەی خۆیان درێژە بەخوێندنی زانکۆیی بدەن، بەڵکو ناچاریان دەکەن دەســـتبەرداری ئەو حەزەیان ببن و لەکۆلێژ و بوارێکی تر لەناوچەکەی خۆیان بخوێنن.

ڕێژان، کەناوی خـــوازراوی کچێکە، بۆ (نەوژین) وتی: «ئارەزوی من ئەوەبوە بچمـــە ئەو بەشـــەی کەچەندین ســـاڵ هەوڵم بـــۆ دا، خۆشـــبەختانە لەپۆلی دوانزە دا نمرەیەکی بەرزم بەدەستهێنا، بەڵام ماڵەوە بونە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کەمن بچم ئەو بەشە بخوێنم، چونکە لە زانکۆی سلێمانی بو».

وتیشـــی: «کـــە ماڵـــەوە ڕێگربـــون، ناچاربـــوم ئەوبەشـــەی کەنـــاوم لێی هاتبوەوە دایبەزێنم بۆ زانکۆی گەرمیان و بۆبەشـــێک کەخۆم هیـــچ ئارەزویەکم لێی نەبو».

ڕێگـــری و کۆســـپەکانی خێـــزان لـــە خەونەکانی کچان بەگشتی و خوێندنیان

> ڕێگریکردن لە کچان دەبێتە هۆی لەناوبردنی حەز و خولیاکانیان

بەدڵی خۆیـــان بەتایبەتی، دەبێتەهۆی کەمکردنـــەوەی داهێنـــان، چونکە ئەو کچانە کاتێک ناچـــار دەکرێن لە بەش و بوارێکـــدا بخوێنن کە خۆیان بەدڵیان نیە، حەوســـەڵەو ئارەزویان بەگشـــتی ســـست دەبێت، ئەمەش کار لە ئاستی داهێنانیان دەکات.

کەریم مەدحەت، ماستەر لە دەرونناسی، لەوبـــارەوە بۆ (نەوژین) وتی: «ڕێگری و کۆســـپەکان لەبەردەم کچان دەبێتە هۆی لەناوبردنی حـــەز و خولیاکانیان، کە بەهـــەوڵ وماندوبونـــی خۆیان ئەو نمرەیەیان هێناوەو ناتوانن لەو بەشـــە بخوێنن کە ئارەزویانە، ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەو داهێنانەی کە ئەو کچانە لەمێشکیاندایە».

ئەو شارەزایەی دەرونزانی، زیاتر ئاماژەی بەمەترســـیەکانی ئـــەم حاڵەتە کرد و باســـیلەوەکرد لەروی دەرونییەوە ئەم کارە هەندێکجار کچان تێکدەشـــکێنێت و ڕەنگە ســـەر بکێشێت بۆ دروستبونی گرێ و نەخۆشیی دەرونی.

لەپاڵ کلتورو دابونەریت و ئەو ڕێگریانەی کە بونەتە بەربەســـت لەبەردەم کچانی کۆمەڵگەی کـــوردی دا، هۆکاری تریش هەن کە خێزانـــەکان بەهۆیەوە ڕێگری لەکچەکانیـــان دەکـــەن لـــە دەرەوەی شارەکان بخوێنن، لەو هۆکارانەش باری دارایی وئابورییانە.

روخۆش، کە ناوی خـــوازراوی کچێکی خوێنـــدکارە، ئەویـــش بەهەمانشـــێوە ڕێگریی لێکراوە لە دەرەوەی شار و لەو بەشـــەی خۆی ویســـتویەتی بخوێنێت. بۆ (نەوژین) وتـــی: «من جگە لەوەی کە ماڵەوەمان ئاســـتی رۆشـــنبیری و هۆشـــیاریان کەم بو، لەپاڵ ئەوەشـــدا باری دارایمان هی ئەوەنەبو کەمن بچمە زانکۆی سلێمانی بخوێنم، بۆیە ناچاربوم کۆلێژەکەم دابەزێنم و لێرە بخوێنم».

ســـەرباری لایەنی مادی، بەڵام هێشتا بەشـــێکی زۆری ڕێگریـــەکان، ڕەگـــی کەلتوریـــی یـــان رۆشـــنبیرییان هەیە، بەتایبـــەت لەو خێزانانەی کە ئاســـتی تێگەیشـــتنیان لاوازترە. ئەو خێزانانە تائێســـتا کچان بەلایانەوە جێگەی ئەو متمانەیـــە نین کە بتوانـــن بەتەنیا بۆ شارێکی تر بیان نێرن بۆ خوێندن.

کەریم مەدحـــەت، پێیوایە ئەم کارە بۆ هەڵە لێکدانـــەوەی کۆمەڵگە لە ئاین و خراپی دابونەریتەکان دەگەڕێتەوە.

ئەو وتی: «بەهەڵەتێگەیشتن لە ئاین و کۆمەڵگەو دابونەریت و کەمی هوشیاری لەنـــاو کۆمەڵگـــە، هـــۆکارن بۆئەوەی جیـــاوازی بکرێت لەنێوان کچان وکوڕان وهەروەها بەکەم سەیرکردنی کچان».

جەختیشـــیکردەوە کە ئـــەم تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە هەڵـــەو ناتەواوە، چونکە وەکخۆی وتـــی: «هەندێکجار ئەو توانا و زیرەکییـــەی لەکچان دا بونی هەیەو بەدیـــی دەکرێت، لەلای کوڕان دا بەدی ناکرێت».

لە پرۆگرام دا هەیەو لە واقیع دا نییە

کچانی خوێندکار لەوانەی وەرزش بێبەش دەبن

■ نەوژین، پەیام لەتیف

ئەگەرچی وەکو پێداویستییەکی جەستەیی گرنگ ناسێنراوە، سەرباری ئەوەی وانەی لە پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ دیارییکراوە، کەچی لەناوەندەکانی خوێندن دا لەگەرمیان گرنگییەکی ئەوتۆ بە وەرزش نادرێت، بەتایبەت بۆ کچان، بەڵکو زۆر بەکەمی کچان لە ناوەندەکانی خوێندن وەرزشیان پێدەکرێت.

هۆکارەکان چین؟ کێ کەمتەرخەمە لەم پرســـە؟ بۆچی وەرزش ئـــەو بایەخەی نییـــە؟ کچان خۆیان گـــوێ بەم وانەیە نادەن یان مامۆستایان هانیان نادەن؟ کچانی خوێندکار و مامۆســـتایان، لەم راپۆرتـــەدا بۆچونەکانی خۆیان دەخەنە رو.

نەریتە دواکەوتوەکانی کۆمەڵگە

ســـەرگوڵ خەلیل، کچە خوێندکارێکی ئامادەییـــە، باســـلەوەدەکات کـــە «کۆمەڵگـــەی ئێمـــە کومەڵگەیەکـــی داخـــراوە بەڕوی ئافـــرەت دا، ئەگەرنا هەمـــو کچێک حەزی لـــەوەرزش هەیە وحـــەزدەکات بەپراکتیکـــی ئەنجامـــی بـــدات، بەڵام بەهۆی ئـــەوەی کچ وکوڕ لەقوتابخانەکاندا تێکەڵن ومامۆستاکان زیاتر گرنگی بەکوڕان دەدەن، وایکردوە بەتەواوی لە وەرزش دوربکەوینەوە.»

خوێندنگەکان جیاوازییان هەیە

شەیما ئەحمەد، خوێندکاری ئامادەیی، بۆچونی وایە کە لەم وانەیەدا جیاوازی هەیە لەنێوان خوێندنگەکانی تایبەت بە کچان و خوێندنگە تێکەڵاوەکان.

ئەو بۆ (نەوژین) وتی: «لەقوتابخانەکانی کچاندا مامۆســـتا قوتابی ناچاردەکات کەبـــە پراکتیکـــی وەرزش ئەنجامبدات ودەبێـــت هەمو کچێکیش ئامادەبێت کە وەرزش بکات».

ئاماژەی دا لـــە قوتابخانە تێکەڵاوەکان بەوشێوەیە نیە.

نەبونی جلی وەرزشی

گـــۆران محەمەد، ماموســـتای وەرزش لەقوتابخانەی کوردۆ قاســـمی بنەڕەتی لەکەلار، لەبارەی ئەم پرسەوە دەڵێت: « زۆرجـــار لەماڵەوە ڕێگـــری دەکرێت لەکچان کەجلی وەرزشی لەگەڵ خۆیان بهێنـــن بەهۆی دابونەریتـــەوە، ئەمەش وادەکات نەتوانن بەشدار بن لەو وانەیەو وەرزش بکەن، چونکە وەرزش بە جلی تایبەتەوە دەکرێت».

سوربون لەسەر وەرزشکردن

هەندێـــک لەکچانیش حـــەز لە وەرزش دەکـــەن وبەپراکتیکیـــش ئەنجامـــی دەدەن.

ســـەرباری هەمـــو کێشـــەو گرنگیـــی پێنەدان و ئاستەنگیەک، بەڵام کچانێک هەن کـــە ئـــەم وانەیەیـــان لا گرنگەو بەشـــداریی تێدا دەکەن لەروی کرداریی «پراکتیکییەوە».

سۆزیار مەریوان، خوێندکاری بنەڕەتی، لەوبـــارەوە وتی: «من هەمـــو کاتێک وەرزش دەکـــەم و زۆر حـــەز بە وانەی وەرزش دەکـــەم و بـــە پراکتیکیـــش ئەنجامـــی دەدەم، لەپۆلەکـــەی ئێمـــە هەمو کچەکان وەک من بەشدارن، بەڵام لەپولەکانی تر هەندێک کچ هەیە دەڵێن وەرزش ناکەین».

بایکۆت و گرنگیی نەدان

بایکوتی ماموستایان وایکردوە زورجار وانـــەی وەرزش لەلایەن مامۆســـتاکانی ترەوە پـــڕ بکریتەوە بـــۆ تەواوکردنی پرۆگرامی خوێندن. وەک (ســـەرگوڵ) وتی: «ماوەی دو ســـاڵە بە نەزەریش وانەی وەرزش ناخۆینرێت».

سەرباری ئەوەش، ئەو کچە خوێندکارە وەلا نانـــی ئـــەم وانەیـــە، بەشـــێکی بـــۆ کەمتەرخەمـــی مامۆســـتاکان دەگەڕێنێتەوە. وتی: «ماموســـتاکانی وەرزش هیـــچ گرنگی بەکچـــان نادەن، ئیمە چەندین جـــار داوامانکردوە کە لە چالاکی قوتابخانەکاندا بەشداری بکەین وەک گورەپان و مەیدان و باڵە و تۆپی پێ، بەڵام داواکانمان پشتگوێخراوە».

بەڵام (م.گـــۆران محەمـــەد)، دەڵێت: «ئەگەر گرنگی نەدانێکیش هەبێت ئەوە خودی کچان خۆیان هـــۆکارن، چونکە بڕواناکـــەم ئەگـــەر کچان حـــەز بکەن بەشـــداربن مامۆستایان پشـــتگوێیان بخەن».

> لە وەرزش دا مامۆستاکان زیاتر گرنگی بەکوڕان دەدەن

قەیرانی دارایی ژنانی لە سەردانی ئارایشتگاکان خستوە

■ نەوژین
سەرگوڵ خەلیل – ئالا عەزیز

قەیرانی دارایی لەپاڵ کاریگەری دروستکردن لەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان کاریگەریشی لەسەر ئارایشتگاکانی ئافرەتان هەبوە، بەپێی وتەی خاوەنی ئارایشتگایەک سەردانیکردنیان لەچاو جاراندا زۆر کەمیکردوە .

دایکی ئاری، خاوەنی ئارایشتگای ئاریا لەکەلار کە یەکێکە لە ئارایشتگا کۆنەکانی قەزاکە بۆ (نەوژین) وتی: «ئەگەرچی ئێمە لە زۆر کۆنەوە لە شارەکە ناسراوین و کەسانێکی زۆر دەماننناسن و سەردانمان دەکەن، بەڵام ئێستا سەردانیکردن لەچاو پێش قەیران زۆر کەمیکردوە».

ئەو وتیشی : «بەجۆرێک رێژەکە کەمیکردوە کە ئەتوانین بڵێین جیاوازی نێوان سالآنی پێش قەیران و لەقەیراندا لەسەدا ٧٠ سەردانیکردن کەمیکردوە».

سەبارەت بەوەی ئەوان تاوەکو چەند هاوکاری هاوڵاتیان دەکەن لە قەیراندا، دایکی ئاری وتی: «هاوکاری خەڵک زۆر دەکەین بەتایبەت بۆ کەسوکاری پێشمەرگە».

قەیرانی دارایی و کەمی سەردانیکردن بۆلایان، وای لەخاوەنی ئارایشتگاکان کردوە کە نرخی ئارایشت و بابەتەکانی جوانکاریی لەچاو پێشودا کەمبکەنەوە، هەروەک دایکی ئاری نەیشاردەوە کە ئەوان نرخەکانیان زۆر کەمکردوەتەوە.

بەپێی ئەو ئامارانەی دەزگا فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان بڵاویدەکەنەوە هاوسەرگیریکردن لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردوە و ئەمەش بەپلەی یەک بەپێی وتەی خاوەنی ئارایشتگاکانی ئافرەتان کاریگەری کردوەتە سەر کاری ئەوان، هاوکات دواکەوتنی موچەی فەرمانبەران کاریگەری هەبوە لەسەردانیکردنی ئەو کەسانەی کە فەرمانبەرن بۆ ئارایشتگاکان .

پەروین عەلی، مامۆستایەکی قەزای کەلارە، ئەو بۆ (نەوژین) وتی: «بەجیاواز لە پێشو لە ئێستادا بەهۆی نەهاتنی موچەوە سەردانیکردنم بۆ ئارایشتگاکان کەمکردوەتەوە، بەجۆرێک کەچەند مانگ جارێک سەردان دەکەم».

جگە لە فەرمانبەرانی ئافرەت کە خاوەنی داهاتی سەربەخۆی خۆیانن کەم دەچنە ئارایشتگاکان، ژنانی ماڵەوەش رێژەی سەردانی ئارایشتگاکانیان کەم کردوەتەوە.

نەجیبە ئەحمەد، ئافرەتێکی ماڵەوەیە، بۆ نەوژین باسی لەوەکرد: «ئەگەر پێشتر ١٥ رۆژ جارێک چوبێتمە ئارایشتگاکان، ئێستا دو مانگ جارێک یان زیاتر ناچم».

ئەوەشی وت: «پێشتر لەکاتی ئاهەنگەکان و کاتە ئاساییەکانیش ئەچوم بۆ ئارایشتگا، بەڵام ئێستا بۆ ئاهەنگەکانیش زۆر بەکەمی ئەتوانین بچینە ئارایشتگاو لەماڵەوە کاری ئارایشت بۆخۆمان دەکەین».

بەپێی ئامارێک لە سنوری قەزای کەلارو ناحیەکانی دەوروبەری، زیاتر لە ٥٠ ئارایشتگای ئافرەتان بونیان هەیە، ئەگەرچی قەیرانی دارایی هەیەو کاریشیان کەمیکردوە، بەڵام بەپێی وتەی بەرپرسێک ئەمە کاریگەری نەکردوەتە سەر کەمکردنەوەی ژمارەی ئارایشتگاکان، بەڵکو زیادیشیان کردوە.



عومەر محەمەد، سەرۆکی لقی گەرمیانی سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەوەرانی کوردستان، بە (نەوژین)ی راگەیاند: «چەندین کەس هەن داوای کردنەوەی ئارایشتگا دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کاریگەری نەکاتە سەر ئارایشتگاکانی تر بۆیە پێدانی مۆڵەتمان راگرتوە».

یەکێک لەو لایەنانەی کە چاودێری نرخی ئارایشتگاکان دەکات، چاودێری بازرگانی گەرمیانە. بەپێی وتەی بەڕێوەبەرەکەی، ئەوان لە رێگەی لیژنەکانیانەوە بەدواداچونی وردیان لەسەر کاری ئارایشتگاکان و نرخەکانیان هەیە.

حیکمەت ئەحمەد، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان، بە (نەوژین)ی راگەیاند: «ئێمە لیژنەیەکی تایبەتمان هەیە بۆ ئارایشتگاکان و نرخەکانیان و نابێت نرخەکانیان زۆربێت و لەکاتی بونی بەرزی نرخدا سزایان ئەدەین».

باسیلەوەشکرد: «لەپاڵ چاودێریکردنی نرخەکاندا چاودێری ئەو کەرەستەو مادده جوانکاریانەش دەکەین کە بەکاری دەهێنن بەتایبەت کاتی بەسەرچونەکەی».

بۆ یەکەمجار لەگەرمیان.. چێشتخانەیەکی کوردەواریی بە ستافێکی ژنەوە دەکرێتەوە

■ نەوژین، سازان مستەفا

ئەگەر چی دانانی چیشتخانە وەکو پیشەیەکی پیاوانە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا سەیر کراوە، بەڵام ژمارەیەک ئافرەت لە کەلار ئەم تێڕوانین و نەریتە دەگۆڕن وپێکەوە چێشتخانەیەکی کوردەواری دادەنێن.

(چیشتخانەی کوردەواری سیتی ئای)، ناوی ئەو چیشتخانەیە کە تایبەتە بە دروستکردنی چێشتی کوردەواری. لەم چیشتخانەیە دا رۆژانە زیاتر لە ١٢ جۆر خواردنی کوردەواریی بەدەستی خانمان دروست دەکرێت و پێشکەشی میوانەکان دەکرێت.

دەریا عەزیز، بەڕێوەبەری چێشتخانەی کوردەواریی سیتی ئای، بۆ (نەوژین) ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوان وەکو کۆمەڵێک لەژنان وکچانی ناوچەی گەرمیان بەهاوکاری چەند هاوڕێیەک، بیرۆکەی ئەوەیان لادروست بو کە چێشتخانەیەکی کوردەواری لەگەرمییان بونی هەبێت کە ژنان وبەڕێوەی ببەن.

وتیشی: «خۆشبەختانە لە بەرواری (٢٠١٦/١٢/٢٥) چێشتخانەکەمان بە فەرمی کرایەوە بەروی میوانان و ماوەی زیاتر لە (٣) مانگە بەردەوامە».

بەوتەی دەریا، سەرجەم کارمەند و ستافی چێشتخانەکەیان لە چێشتلێنەر و گارسۆن وکاپتنەکان، ژنن و هەر ئەوانیش کارەکانی چێشتخانەکە بەڕێوەدەبەن.

ئەگەرچی ژنان چێشتلێنەرێکی کارامەن، بەڵام سنوری چێشتلێنانەکەیان لە مەتبەخی ماڵەوە نەگواستۆتەوە بۆ مەتبەخی بازاڕ، بۆیە کردنەوەی چێشتخانەیەک کە ژنان کاری تێدا بکەن بەتایبەتی لەگەرمیان، تازەو تاڕادەیەکیش نامۆیە.

لەمبارەیەوە (دەریا عەزین) دەڵێت: «راستە ژنان ئەزمونێکی زوریان هەیە لە کاری بەڕێوبردنی مەتبەخ ودروستکردنی چێشت، بەڵام دروستکردنی چێشت بۆ چێشتخانەیەکی گشتی کە رۆژانە دەیان جۆر کەس و تەبیعەتی جیاواز دێنە میواندارێمان، پێشتر نەکراوەو کارێکی ئاسانیش نییە».

دەریا بە شانازیەکەوە ئاماژەی بەوەکرد کە سەرەتا روبەروی گرفتی زۆر بونەتەوەو کارەکەیان قورس بوە، بەڵام لەماوەیەکی کەمدا توانیویانە گرفتەکان تێبپەڕێنن.

ئەو هەستی شانازیەی لەلای دەریادا هەبو، لەلای زۆرینەی ئەو ستافەی چێشتخانەکەشدا رەنگی دابویەوە کەبینیمان.

ژیان وەیس مراد، (٤٥) ساڵ، یەکێکە لە چیشتلێنەرەکانی چیشتخانەکە. بۆ (نەوژین) وتی: «ماوەی دو مانگە لێرە کاردەکەم، کاتی کارکردنم لە (٧) بەیانیەوە دەستپێدەکات تاوەکو (٧) شەو، رۆژی واهەیە (١٥) جۆر خواردنی کوردەواری یان زیاتر دروست دەکەم».

وتیشی: «راستە ماندو ئەبم، بەڵام دەستخۆشی میوانەکان و خەڵکی دەوروبەرم ئەو ماندوێتیەم بیر دەباتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆر خۆشحاڵم بە کارەکەم و سەربەرزم کە بە رەنجی شانی خۆم بژێوی ژیانم پەیدا دەکەم».

بەردەوام ژنان کەدەیانەوێت لە دەرەوە کاربکەن، روبەروی توانج و تێڕوانینی کۆمەڵ دەبنەوە، بەڵام ئەو ئافرەتانەی لە چێشتخانەکەدا دەستیان بەکار کردوە، باسلەوەدەکەن کە رێگەیان نەداوە قسەو قسەڵۆک تێکیان بشکێنێ و ساردیان بکاتەوە.

دەریا عەزیز، بەڕێوەبەری چێشتخانەی کوردەواریی سیتی ئای، لەوبارەوە وتی: «خەڵک بۆ هەمو کارێک ئەنجامی بدەیت قسە وتوانجت لێدەدات، ئێمەش تا گوێ بە قسەی خەڵک بدەین سەرجەم خەون و ئارەزوکانمان لە گۆڕ دەنێین».

وتیشی: «رێگری بۆ کارکردنی ژنان هەیە، بەڵام ئەگەر ژنان بتوانن خۆیان بسەلمێنن، بروا ناکەم رێگریەکانیش هێندە کاریگەر بن».

(ژیان)یش، وتی: «ئافرەت زور هەیە حەز دەکات ئیش بکات، بەڵام لە ترسی قسە و توانجی خەڵک ناوێرن بێنە مەیدانی کارکردنەوە، یەکێک لەوانە خۆم بوم کەدەردەچوم بۆ کارەکەم قسەی زۆرم هاتە سەر، بەڵام توانیم بەسەر ئەو ئاستەنگانەدا زاڵبم و دەوروبەرەکەشم دڵنیا بکەمەوە، هەربۆیە ئێستا دەستخۆشیم لێدەکەن».

هەندێک لە کارمەندەکانی چێشتخانەکە، کەسانی خاوەن بڕوانامەو دەرچوی زانکۆ و پەیمانگان. یەکێک لەوانە، (ئیڤان سەرتیپ)ە.

ئەو کە خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمی ژمێریاریە، دەڵێت: «ماوەی دو ساڵە خوێندنم تەواو کردوە، بەڵام هیچ دامەزراندنێک نیە لە حوکمەت دا، بۆیە رومان لەکەرتی تایبەت کردوە».

وتیشی: «ماوەی سێ مانگە لێرە وەکو کاپتن کار دەکەم، ئیشەکەم زۆر بەدڵە و ئاسودەم پێی، چونکە هەمو کارمەندەکانی ئێرە ئافرەتن».

لەبارەی هەڵوێست و مامەڵەی خەڵکی بەتایبەت سەردانکەرانەوە، ئیڤان وتی: «هەڵسوکەوتی کەسانی دەوروبەرمان زۆر باشە و دەستخۆشییەکی زۆرمان بۆ دێت، ئەمەش جێگای دڵخۆشییەو هانمان دەدات زیاتر گرنگی بە کارەکانمان بدەین و بەردەوام بین.»

هەرچەندە چیشتخانەکە ماوەیەکی کەمە کراوەتەوە، بەڵام ناوبانگێکی باشی لەناوچەکە دەرکردوە، زۆرێکیش لە کچان سەردانی دەکەن.

زریان پشتوان، کە خوێندکاری پەیمانگایە، ناوەناو سەردانی چێشتخانەکە دەکات. بۆ (نەوژین) وتی: «زۆرم پێخوشە کە هەمو کارمەندەکانی ئێرە ئافرەتن، هیچ جیاوازیەکیش نابینم لە ئیشی گارسۆنی یان چیشتلێنەری ئافرەت و پیاو، بگرە پێموایە ئافرەتان سەرکەوتو ترن، ئەوەتا ئەم چێشتخانەیە کە ژنان بەڕێوەی دەبەن خواردنی خۆش و پاکە و کەشەکەشی خۆش و گونجاوە».

بەڕێوەبەری چێشتخانەکەش وتی: «تا دێت رێژەی میوان و سەردانکەرانمان لە زیادبووندایە و لە هەمو تەمەنەکان چ گەنجان چ خێزاندارەکان و فەرمانبەر و کاسب و خوێندکار، سەردانمان دەکەن.»

دو هاوسەری پێشمەرگە

دوای بریندداربونم و لەدەستدانی دەستێکم، زوهرە هەمیشە هاوکارمە

■ نەوژین
زریان محەمەد – جوانە جەلیل

پێکەوە لەبەرزاییەکانی گوبەیبەی رۆژئاوای کەرکوکەوە چاودێری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و جموجۆڵی چەکدارەکانی ئەو رێکخراوەیان دەکرد، تەنها خەمی ئەو دو هاوسەرە پاراستنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە بو لە هێرشی لەناکاوی داعش.

(هەڵۆ رەمشتی) و (زوهرە هەورامی)، ئەو دو پێشمەرگەیەی پارتی ئازادی کوردستانن، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە نێو سەنگەرەکاندا بریاری پێکهێنانی ژیانی هاوسەریان دا و هەر لەنێو سەنگەرەکانیشدا ژیانێکی ئاسایی پێکەوە بەسەر دەبەن.

هەڵۆ و زوهرە هەردوکیان فەرماندەی سەربازین لەریزی هێزەکانی پارتی ئازادی دا، زۆرجار پێکەوە بەشداری شەڕەکانیان کردوە، بە تایبەت کە لە هێرشەکەی ساڵی رابردوی پێشمەرگەدا بۆ سەر گوندی گوبەیبەی رۆژئاوای کەرکوک، هەڵۆ بەهۆی تەقینەوەی بۆمبی چێنراوەوە دەستێکی لەدەستداوە.

درەنگانێکی ئێوارە هەڵۆ و زوهرە کە جلی سەربازیان لەبەردابو ، پێکەوە بەدوربین چاودێری چەکدارەکانی داعشیان دەکرد، زوهرە بەدەم هەڵکردنی دوربینەوە بۆ (نەوژین) دواو، وتی: «ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتیم زۆر لە ژیانی شار لا خۆشترە، چونکە خەمی من پاراستنی خاکی کوردستانە لە هێرشی داگیرکەران.»

گەر لەرابردودا کچان و ژنان خۆیان لەبەشداری کردنی شەڕ بواردبێت و لێی ترسا بن، ئەوا بەشداری کردنی شەڕ لەلایەن ژنانەوە لەریزی حیزبە کوردیەکاندا بەتایبەت لەچەند ساڵی رابردودا، سیحری شەڕی لای ژنان بەتاڵکردەوە.

هێزەکانی پارتی ئازادی کوردستان کە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانین، بەشداریان لەشەڕی دژ بەداعش کردوە و لەئێستادا هێزەکانیان لەباشیک و رۆژئاوای کەرکوک جێگیرکردوە، کە کچان و ژنان ژمارەیەکی بەرچاو لەهێزەکانیان پێکدەهێنن.

دوا شەهیدی ژن لە ریزەکانی پارتی ئازادی دا، شەهید بونی کچە پێشمەرگەیەک بو، کەدوای بریندداربونی لەرۆژی ٢/٢٦ بە هاوەنی داعش لەباشیک و مانەوەی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک گیانی لەدەستدا.

(زوهرە هەورامی) کە وەکو فەرماندەیەکی سەربازی دەردەکەوت و سەرپەرشتی پێشمەرگە ژنەکانی حیزبەکەی دەکرد، باسیلەوەکرد لە زۆربەی شەڕەکاندا لەگەڵ هەڵۆی هاوسەریدا پێکەوە بەشدارن بەتایبەت لەکاتی هێرشەکانی ئەم دواییەدا بۆ سەر چەکدارەکانی داعش. وتی: «زۆرجار هەڵۆ لەدەستەی هێرش بردنە، منیش لەو دەستەیەم کە بەدوای هەڵۆدا هێرش دەکەینە سەر ئامانجە بۆ دیاریکراوەکانمان.»

هەڵۆی هاوسەری زوهرە کە شارەزای بواری پوچەڵکردنەوەی بۆمبی چێنراویشە، ساڵی رابردودا لەکاتی کۆنترۆڵکردنەوەی گوندی گوبەیبەی رۆژئاوای کەرکوکدا بۆمبێک پێیدا تەقیەوە و دەستێکی لەدەستدا.

زوهرە وتی: «ئەو رۆژەی هەڵۆ بریندداربو، من لە پرسە بوم، کاتێک هەواڵی بریندداربونی هەڵۆم بیست ئۆقرەم لێبڕاو خۆم گەیاندە لای.»

هەڵۆ و زوهرە جیاواز لەو هاوسەرانەی کە لەشار و شارۆچکەکاندا ژیان بەسەر دەبەن و هەمیشە بیریان لای بەخێوکردنی ماڵ و منداڵە، ئەوان هەمیشە بیریان لای پاراستنی سەنگەرەکان و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی داعشە.

ئەو دو هاوسەرە لەنێو خانویەکی سادەی بەچینکۆ سەر داپۆشراوی نێو سەنگەرەکاندا ژیان بەسەر دەبەن، هەمیشە پابەندن بە جێبەجێکردنی رێو شوێنی سەربازی و پێکەوە ئەرکە سەربازیەکانیان رادەپەرێنن.

هەڵۆ رەمشتی، وتی: «دوای بریندداربونم و لەدەستدانی دەستێکم، زوهرە هەمیشە هاوکارمە لە ئیشوکاری ماڵەوە و جێبەجێکردنی ئەرکە سەربازیەکانیشمدا.»

تاکە ئافرەتە بەڕێوەبەرەکەی کفری

■ نەوژین، ئومێد زەنگەنە

لەکەرتێکدا کەسەرجەم ئەوانەی تیایدا بەرپرس و دەستڕۆیشتون لە رەگەزی نێرن، ئافرەتێک بەتەنیا توانیویەتی جێگای خۆی بکاتەوە، ئەو ماوەی سێ ساڵ و نیوە وەکو بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری کفری کاردەکات و بەردەوامە لە ئەرکەکەی. حەمدیە مەنسور، تاکە ئافرەتە لەنێو هەمو سلکی بەڕێوەبەرانی حکومیی دا لە قەزای کفری، باس لەئەزمونی خۆی و بەرەوپێشەوەچونەکانی دەکات.

سەرەتا لەخۆناسندنیەوە دەستپێدەکات و دەڵێت: «ناوم حەمدیە مەنسورە، دانیشتوی قەزای کفریم و خاوەنی دو بڕوانامەم لەبواری ئەندازیاری کشتوکاڵی و دبلۆم لە دەرمانسازی».

لەبارەی ئەو رێگریانەی کە لەماوەی کارکردندا روبەڕوی بوەتەوە، حەمدیە دەڵێت: «بێگومان توشی چەندین کێشەوگرفت بومەتەوە بەو پێیەی بەشێک لەکۆمەڵگا و فەرمانگەکان توانای قبوڵکردنی ئەو واقیعەیان نەبوە کە ئافرەتێک ببێت بە بەڕێوبەری بەڕێوەبەرایەتیەک بەتایبەت لەشاری کفریدا کە تا ڕادەیەکی زۆر گۆمەڵگایەکی داخراوی هەیە، بەڵام دەبێت ئافرەت لەبارودۆخێکی وەهادا خۆی بسەلمێنێت سەرەتا بۆ خێزانەکەی دواتر بۆ کۆمەڵگاکەی ئینجا بۆ ئەو دەزگایەی کاری تێدادەکات بەوەی تاچەند بەتوانا و باوەڕپێکراوە».

جەختیشیکردەوە: «ئافرەت هەرچەندە کەسایەتی بەهێز بێت و متمانەپێکراو بێت، ئەوەندە زیاتر دەتوانێت رێز بۆخۆی و ئافرەتانی دیکەش دروستبکات و گەیەنەری پەیامی جیاواز نەبونی ئافرەتان و پیاوان بێت و رێگاخۆشکەر بێت بۆئافرەتانی دیکەش کە بتوانن هاوشێوەی ئەو بەرەوپێشەوە بچن».

لەبارەی گرنگیی کارکردنی ئافرەتان هاوشێوەی پیاوان لە دەرەوە و تێکەڵ بون بەکار و هاتنە دەرەوەیان لە چوارگۆشەی داخراوی کۆمەڵگا، حەمدیە، دەڵێت: «کەسایەتی ئەو کەسە رۆڵ دەبینێت بەوەی تاچەند بە ئاگاییەوە روبەڕوی ئەو کێشەو گرفتانە دەبێتەوە کەدێنە رێگای». وتیشی: «خۆشبەختانە زۆرێک لەفەرمانگەکان هاوکارم بونە لەکاروبارەکانم دا بەتایبەت کاتێک کە دەبینن کارەکانم بەبێ کەموکورتی ئەنجام دەدەم».

یەکێک لەو خاڵانەی کە ئەم ئافرەتە بەڕێوەبەرە بەگرنگیی دەزانێت بۆ ئافرەتان، بەهێزکردنی لایەنی خودیی و زانینی توانا تایبەتیەکانی خودە. لەوبارەوە دەڵێت: «پێویستە ئافرەت پێش ئەوەی لە خێزانێکی داخراو لەکۆمەڵگایەکی داخراو بێتە دەرەوە، دەبێت کار لەسەر خۆی بکات بەوەی دەبێت بزانێت تاچەند توانای هەیە و شایەنی ئەو جێگایەیە کە کاری تێدا دەکات، هەروەک دەبێت کاربکات لەسەر هۆشیاری و رۆشنبیری خۆی و پاراستنی کەسایەتی خۆی». بەهۆشیاریشەوە ئاماژە بەوەدەدات کە «هەندێک نەریت هەیە کەنابێت ببەزێنرێت، چونکە چەندین رێگای دیکە هەیە کە دەتوانیت بەجوانی و بەسەربەرزیەوە خۆتی لێوە بسەلمێنیت».

حەمدیە مەنسور، لەبارەی رێگریەکانی خێزانەکەیەوە دەدوێت و دەڵێت: «خێزانەکەم نەک هەر رێگرم نەبون، بەڵکو خۆشبەختانە زۆرهاوکارم بونە و پشتیوانی تەواوی کاروبارەکانم بون بەوەی کە متمانەی تەواویان بە من هەبوە، بەدڵنیایشەوە ئەو متمانەیە دەستی هەمو ئافرەتێک ناکەوێت، بۆیە هەمیشە شانازی بەخێزانەکەمەوە دەکەم».

پێش دەستبەکاربونی وەک بەڕێوبەری گەشتوگوزاری کفری، (حەمدیە) بەرپرسی یەکێک لەبەشەکانی کارگەی دروستکردنی دەرمان بوە لەشاری (سامەڕا)، لەئێستاشدا لەشاری کفری خاوەنی دەرمانخانەیەکی تایبەت بەخۆیەتی کەوەک خۆی دەڵێت یەکەم ئافرەت بوە دەرمانخانەی لەشاری کفری دا کردوەتەوە و ئێستاش دەرمانخانەکەی ئەو تاکە دەرمانخانەیە کەزیاتر تایبەت بێت بەئافرەتان و هاوکات تاکە دەرمانخانەشە نەک هەر لەسنوری قەزای کفری، بەڵکو لەتەواوی گەرمیانیشدا کە ئافرەتێک بەڕێوەی ببات.

لەبارەی ئەو پرۆژە و کار و چالاکیانەی کە لەماوەی کارکردنیدا وەک بەڕێوبەری گەشتوگوزاری کفری هەوڵی بۆداوە و بەئەنجامی گەیاندوە، (حەمدیە) وتی: «لەماوەی رابردودا هەوڵمانداوە گەشتوگوزاری کفری بەناوچەکانی دەوروبەر و کۆمپانیا گەشتیاریەکان بناسێنین و لە رێگای کۆمپانیاکانیشەوە کفری وەک ناوچەیەکی گەشتیاری بەهەمو جیهان بناسێنین، هەروەها توانیومانە ماستەر پلانی گەشتیاری کفری پێش ماستەر پلانی هەمو گەرمیان ئامادەبکەین و لەهەوڵی ئەوەداین کە خزمەتگوزاری بۆ ناوچە گەشتیاریەکانی کفری دابین بکەین بێگومان هەمو ئەمانەش بە هاوکاری و پاڵپشتی ستافەکەم و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی دیکە بوە».

حەمدیە، وەک ئافرەتیکی خاوەن ئەزمون لەکارکردنی دەرەوەدا، پەیامێک بەگوێی ئافرەتان دا دەدات و دەڵێت: «تکا لەئافرەتان دەکەم لەکۆمەڵگادا وەک کەسایەتیەکی بەهێز و کاریگەر خۆیان ببینن نەک بەو تێڕوانینەی کۆمەڵ بۆ ئافرەت دروستی کردوە بەوەی خۆیان بەلاواز سەیرکەن».

کچانی گەرمیان دەگەڕێنەوە سەر تەختەی شانۆ

■ نەوژین
سەرگوڵ خەلیل – بێریڤان محەمەد

ئەگەرچی ژمارەی ئەو ژنانەی لە بواری شانۆ دا لەگەرمیان کار دەکەن کەم و سنوردارن، بەڵام سەرباری ئەوەش ژنانێک هەن کە لەخۆبوردوانە لەو مەیدانەدا کاردەکەن، بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری گەرمیانیش، بەشداریی ژنان لە شانۆدا بەکاریگەر دەزانێت.

شانۆ، یەکێکە لە دێرینترین ئەو شێوازانەی هونەر کە لەگەرمیان دا کاری لەسەر کراوە، بەڵام هەر لەکۆنەوە تائێستا یەکێک لە دیارترین کێشەکانی شانۆ، کەمی بەشداری ژنان بوە تیایدا.

پێشتر و لەرابردودا، زۆرجار بۆ ڕۆڵی کاراکتەری ژنان لە شانۆکاندا، بەهۆی نەبونی ژنی ئەکتەرەوە، ناچار ئەو ڕۆڵەش هەر بە پیاوان دەدرا، ئێستا ئەگەرچی بەوشێوەیەی ئێستا نەماوە، بەڵام هێشتا بەشداریی ژنان زۆر و بەرفراوان نیە.

شەیما مەحمود، یەکێکە لەکچانی شانۆکاری گەرمیان کە ماوەی چەندساڵێکەو هاوشان لەگەڵ خوێندنی لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان، چونە سەر تەختەی شانۆی ئەزمون کردوە.

بۆ (نەوژین) وت: وتی: «کارکردن لەشانۆ دا بەتایبەت لەگەرمیان زۆر داخراوە بەروی ئافرەتاندا و کارێکی زەحمەتە».

ئەو کچە پێیوایە کە بەشێک لە هۆکارەکانی بەشدارییەنەکردنی کچان لەشانۆ دا، بۆ بونی ڕێگری کۆمەڵایەتیی و لایەنی کلتوریی دەگەڕێتەوە. ئەم بۆچونە دەرهێنەرێکیش جەختی لێدەکاتەوە.

عومەر عەبدوڵلا، بەڕێوبەر و دەرهێنەری گروپی شانۆی ئەستێرەکان، بە (نەوژین)ی وت: «کلتور و کۆمەڵگای ئەم ناوچەیە وایکردوە ئافرەتان کەمتر بێنە دنیای شانۆوەو بەشی شانۆ هەڵبژێرن.»

ئاماژەی بەوەشکرد: لەئێستادا دەرفەتی کارکردن لە شانۆدا بۆ کچان زیاترەو ئەوانیش دەتوانن پەرەی زیاتر بە کارەکانیان بدەن.

وتیشی: «کچان هەستیان باشترە لەکوڕان و زوتر هەست بە شتەکان ئەکەن، بۆیە ئەتوانن باشتر لەسەر تەختەی شانۆ بەرجەستەی ڕۆڵەکانیان بکەن».

ئەگەرچی لە دەڤەرەکەدا لە بری یەک پەیمانگا، دو پەیمانگای هونەرەجوانەکان هەیە لەکفری و خانەقین، کەچی هێشتا بونی ئەکتەری ژن بەشی پێویست لەدەڤەرەکە بەرەوپێشەوە نەچوە.

بە رای کچێکی شانۆکار، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە زۆرێک لەو کچانەی دەچنە ئەو پەیمانگایانە، بڕوانامەیان لاگرنگترە هەتاوەکو کارکردن لە هونەر.

ناسکە محەمەد، کچە شانۆکارێکی کەلارە، بۆ (نەوژین) وتی: «کچان و ژنان لە گەرمیاندا بەشێوەیەکی زۆر کەم رو لەبوارەکانی شانۆ ئەکەن و هەندێکیان تەنها بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە دەچنە پەیمانگا و کۆلێژ و خوێندنی ئەکادیمی تەواو دەکەن».

هەمیشە کارکردنی ژنان لە هونەردا لەگەرمیان و بەتایبەت شانۆ، وەکو کارێکی مەترسیدار وێناکراوە، هەر ئەمەشە وایکردوە کچان کەمتر جورئەتی بەشدارییکردن بکەن لەو کایەیەدا.

بەڵام ئەو کچانەی کەلەشانۆ دا کاردەکەن، بەپێچەوانەوە باسلەوەدەکەن کە ئەگەر کچان متمانەیان بەخۆیان هەبێت، ئەوا سەرکەوتو دەبن.

شەیما مەحمود، لەوبارەوە نمونەی خۆی هێنایەوە کەتائێستا روبەروی هیچ گرفتێک نەبوەتەوە «من لەماوەی کارکردنمدا روبەروی هیچ کێشە و گیروگرفتێک نەبومەتەوە و خێزانەکەشم زۆر هاوکار و پاڵپشتم بون».

(ناسکە)ش ئاماژەی بەوەکرد: «من بەشێوەیەکی ئەکادیمی نەچومەتە نێو بوارەکەوە، بەڵکو بەحەزی خۆم دەستم بەکار کردوەو هاوسەرەکەشم زۆر هاوکار و پشتیوانمە».

بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیانیش باسلەوەدەکات کە سەرباری بەشدارییەکان، بەڵام بەشداریی ژنان لە هونەردا، لەئاست خواستی ئەواندا نییە.

ئاکۆ یوسف (ئاکۆ هۆرێنی)، بەڕێوبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: «بەشداری ژنان لە چالاکی شانۆدا بونی هەیە و مایەی خۆشحاڵیە، بەڵام بەبەراورد بە پیاوان ژنی شانۆکارمان کەمەو لە ئاستی تموحی ئێمەدا نییە».

ئەو بەڕێوەبەرە، پێیوایە پرسەکە پێویستی بە گڕوتینی نوێتر و زیاتر هەیە لە لایەن ژنان خۆیانەوە بە پلەی یەکەم و هەروەها لەلایەن دامودەزگا و گروپە پەیوەندیدارەکانەوە.

وتیشی: «پێویستە کاری زیاتر بکرێت بۆ هاتنە مەیدانی ژنان لە کایەی هونەری بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی، من دڵنیام ژنان و کچانی خاوەن بەهرەو بەتوانامان زۆرە، بەڵام هۆکار و واقیعە کۆمەڵایەتی و کلتورە باوەکانمان کاریگەریان هەبوە بۆ ڕێگریکردن لە دەرخستی ئەو بەهرەو توانایانە».

(شەیما) ش، بە پێداگیرییەوە دەیوت: «ئێمە نابێ گوێ بۆ قسەو قسەڵۆک بگرین، بەڵکو دەبێت سوربین لەسەر کارکردن بۆ پەرەدان بەتواناو بەدیهێنانی ئامانجەکانمان».

شکسپیری ئەدەبی سۆمەری ...

یەکەمین ژنە نوسەر لە مێژودا

■ نەوژین

پێتان سەیر نەبێت کاتێک بزانن یەکەمین ژنە نوسەر کەمێژو ناسیبێتی، لەم شوێن و ڵاتەدا بوە کە ئێمەی ئێستا تیایدا دەژین، ئەو بەو بەیتە شیعری و سرودە ئاینییانەی کەنوسیەیەتی، ناوی وەکو یەکەمین نوسەر لەسەر بەردی مێژو هەڵکۆڵیوە.

ئەنخیدوانا، ئەو ژنە نوسەرەی شارستانیەتی وڵاتی نێوان دو روبار «میزۆپۆتامیا»یە کە وەکو یەکەمین ژنی نوسەر لەمێژودا ناوی هاتوە، هەندێکیش بە «شکسپیری سۆمەری» ناویان بردوە.

ئەم ژنە، کچی پاشای ئەکەدی سەرجۆن بوە، بەڵام جیاوازی لەوانی تر ئەوەبوە کە خولیاو توانایەکی باشی بۆ نوسین و هۆنینەوەی شیعر و قوڵبونەوە لەبابەتە ئاینییەکانی ئەو سەردەمەدا هەبوەو بەپلەیەک گەیشتوە کە بەگوێرەی بیروباوەڕی ئەوکات، نزیک بوە لەوەی ببێت بە «خواوەند».

ئەنخیدوانا، لەسەروبەندی بابلیی کۆن و ساڵانی ٢٢٨٥-٢٢٥٠ پێش زاین ژیاوە، بەوهۆیەی خاوەنی کاریزماو کەسێتییەکی تایبەت بوە، بۆیە لەلایەن باوکیشییەوە گرنگیی زیاتری پێدراوەو کراوە بە کاهینی گرنگترین پەرستگای سۆمەریەکان لە ئۆر، ئەگەرچی هەندێکی دیکە بەگومانن لەوەی کچی سەرجۆن بێت، بەڵکو پێیانوایە کە بەهۆی ئەو کارێزمایەوە، سەرجۆن کردویەتی بەکاهین.

لەمیانی کنەوپشکنینە شوێنەواریەکان دا، توانراوە سەدان پارچە لە دەستنوس و نوسراوەکانی ئەم ژنە نوسەرە بدۆزرێتەوە، کە دوای پشکنینی و لیکۆڵینەوەیەکی زۆری توێژەران، گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەو ژنە یەکەم ژنی نوسەرە لەمێژودا.

ویلیام ولفگانک، پرۆفیسۆری پسپۆڕ لە ئەدەبی ئاشوری و بابلی لە زانکۆی یال، باسلەوەدەکات کەزۆرێک لە نوسەرەکانی ئەو سەردەمە، تەنها نوسەرەوە بون نەک نوسەر، بەو واتایەی کە نوسینی ئاینی و بابەتی دیکەیان لەسەر تەختەو تابلۆی قوڕ نوسیوەتەوە، بەڵام (ئەنخیدوانا) لەوانە بوە کەخۆی شتی داهێناوەو نوسیوە.

ئەو پرۆفیسۆرە، پاش خوێندنەوەی بەرهەمەکانی، نازناوی «شکسپیری ئەدەبی سۆمەری» بەم ژنە نوسەرە داوە، ئەویش بەهۆی جۆری نوسینەکەیەوە، کەبەرای ئەو بەهۆی بەپێزییەوە، هەتا دوای سەدان ساڵیش وەکو سەرچاوەو بابەتی گرنگ خوێندراوەتەوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە کە نوسینەکانی ئەو ژنە بریتیی بوە لە هۆنراوەو سرودی ئاینی و وێرد و چیرۆک و دەقی لاهوتی و مێژویی.

ئەنخیدوانا، توانیویەتی بۆماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵ وەکو کاهینێکی ژنی باڵا، پارێزگاری لە ڕۆڵە کاریگەرەکەی بکات و لەکارکردن و نوسین نەوەستاوە تا کۆچی دوایی لە سەردەمی (نرام سین)ی برازای دا.

ئەگەرچی زیاتر لە ١٠٠ پارچە قوڕی نوسینی دۆزراوەتەوە، بەڵام تائێستا گۆڕی (ئەنخیدوانا) دیار نییەو نەدۆزراوەتەوە. توێژەرێکیش پێیوایە رەنگە گفتوگۆ و مشتومڕ لەبارەی خۆی و نوسینەکانیەوە بەردەوام بێت، هاوشێوەی ئەو مشتومڕەی لەسەر (شکسپیر) دەکرێت.

منالانی سەر زبڵدانەکان

لەسەر پاشماوەی خەڵکی بژێوی خێزانەکانیان پەیدا دەکەن

■ **نەوژین، ئەیاد محەمەد**

(یاسر) بە نێو زبڵ و خۆڵ و خاشاکدا دەسوڕایەوە و بەدەم وەشاندنی تێلەکەی دەستیەوە، بەوردی دیقەتی دەدا و بەدوای فافۆن و کەرەستەی فرێدراودا دەگەڕا تا بیفرۆشێت و ژەمە خۆراکێکی بۆ خوشک و براکانی پێ بکڕێت.

(یاسر) کوڕە گەورەی خێزانێکی دەستنەڕۆ و دەستکورتی ئاوارەی جەلەولایە و ئێستا لەخانویەکی کرێی ناحیەی رزگاری دا ژیان بەسەر دەبات، کە رۆژانە ١٢ کاتژمێر بەنێو زبڵ و خۆڵ و خاشاکدا دەسورێتەوە، لەو رێگەیەوە کرێ خانو و بژێوی دو براو خوشکە بچوکەکەی پەیدا دەکات.

یاسر حەمید، تەمەنی ٨ ساڵ بو، کاتێک باوکی کۆچی دوایی کرد، سەختی ژیان خۆشیەکانی منالی لێسەندەوە و بە پەیدا کردنی بژێویەوە سەرقاڵی کرد، ئەو راکەراکە و دەستنەرۆیی بەو تەمەنە کەمەوە بەشێوەیەک ماندوی کردبو، تارمایی ماندوێتی روخساری داپۆشیبو.

(یاسر) بەدەم کۆکردنەوەی قوتوە بیبسیەوە بۆ (نەوژین) دواو ، وتی: «باوکم بەهۆی لێدانی دەرزی هەڵەوە جێی هێشتین، لەو کاتەوە من کاردەکەم و دایک و دو براو خوشکە بچوکەکەم بەخێو دەکەم.»

کۆنترۆڵکردنی ناحیەی جەلەولا لەلایەن داعش و ئاوارەبونی دانیشتوانەکەی، هێندەی تر باری سەرشانی یاسری قورستر کرد، بە تایبەت لەسەری پێویست بو مانگانە دوسەد هەزار دیناریش بۆ کرێی ئەو خانوە پەیدا بکات کە دوای ئاوارەبون تێیچوە.

یاسر رۆژانە لە کاتژمێر ٦ ی بەیانی لەماڵ دەردەچێت و رو دەکاتە پشت گوندی دێبنە، ئەو جێگەیەی کە ئۆتۆمبێلەکانی شارەوانی بۆ فرێدانی زبڵ و خۆڵ و خاشاک رویلێدەکەن، تا (٦) ی ئێوارە بەنێو ئەو زبڵەدا دەسوڕێتەوە و قوتوە کۆنە و شتی فرێدراوی ماڵان کۆدەکاتەوە.

یاسر، ئاماژەی بەوەشکرد ئەو قوتوە کۆنە و فافۆن و شتە بەکارهاتوانەی لەنێو زبڵدا دەیاندۆزێتەوە، دەمەو ئێوارە بەماتۆر سکیل دەیانبات بۆ فرۆشتن. وتی: «رۆژانە ٥ بۆ ١٠ هەزار دینار پەیدا دەکەم، لەو پارەیە خۆراک و پێداویستی دەکڕم و دەچمەوە بۆ لای دایک و دو براو خوشکە منالەکەم.»

لەیاسای عێراقی دا خواروی تەمەن ١٨ ساڵ بە منال هەژمار کراوە، بەپێی یاسا کارکردنی قورس بە منال سەرپێچیە، بەڵام خراپی دۆخی ئابوری خێزانەکان هەزاران منالی فرێداوەتە سەر شەقامەکان و جێبەجێکردنی یاساکانیشی راگرتوە.

ئەو زبڵ و خۆڵ و خاشاکە بۆگەن کردوەی کە رۆژانە یاسر و چەندین منالی تر کاتەکانیانی تێدا بەسەر دەبەن، نەک تەنها کاریگەری دەرونی، بەڵکو زیان بە لایەنی تەندروستی ئەو منالانەش دەگەیەنێت.

لەیلا ئەحمەد، ئەندامی تیمی رێکخراوی وادی ئەڵمانی بۆ بەدواداچونی کێشەکانی ژنان و منالان، بە (نەوژین)ی وت: «زۆربەی ئەو منالانەی کاردەکەن ئەوانەن کە باوکیان لەژیان دا نەماوە یاخود نەخۆشن.»

وتیشی: «دەستکورتی و دەستنەرۆیی هۆکاری کارکردنی منالانە.»

بەپێی راپۆرتی سالانەی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش، عێراق بەهەرێمی کوردستانەوە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە تێیاندا توندوتیژی بەرانبەر بە منالان ئەنجام دەدرێت، هەروەک منالانیش کاریان پێدەکرێت کە هەندێکجار کارەکان قورسن و لە توانای ئەوان زیاترە.

خەبات رەشید، بەرێوەبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، بە (نەوژین)ی وت: «رێژەی کارکردن بەمنالان لەگەرمیان لەهەڵکشاندایە و ئەمساڵ بەراورد بەسالانی رابردو، ژمارەی ئەو منالانە زیادیکردوە کە کار دەکەن.»

چۆن رێگری لە درۆکردنی منالەکانمان بکەین؟

■ **نەوژین**

زۆرێک لە خێزانەکان روبەڕوی حاڵەتی درۆکردنی منالەکانیان دەبنەوە، ئەمەش کێشەیەکە کەدەبێت هەر بەزویی هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی بنرێت، بۆ ئەوەی منالەکە پێی رانەیەت و خوی پێوەنەگرێت و لەگەڵ تەمەنی دا هەڵنەکشێت و پەرەبسێنێت، کە لێکەوتەو کاریگەریی خراپ و وێرانکەری دەبێت بۆسەر دەرون و کەسایەتی منال و خێزانەکەشی.

پێش ئەوەی بپرسین چۆن؟ ئەبێت بپرسین بۆ؟ واتا پێش ئەوەی باسی چارەسەر بکەین، ئەبێت باسی هۆکار بکەین. بۆچی منالان درۆ دەکەن یان پەنا بۆ درۆکردن دەبەن؟

لەم خالانەدا کۆی وەلامەکان کورت دەکەینەوە:

١. زۆرینەی جار درۆکردن لەمنالان بەتایبەت خوار ٥ سالان، پەیوەندیی هەیە بە بەپیتی خەیاڵی منالەکەوە، کەوادەکات زۆرجار ئەوەی لەخەیاڵی دایە لەگەڵ واقیع دا لێی تێکەڵ ببێت.

٢. رەنگە منال بەهۆی هەست بەکەموکورتیی کردن یان بۆ بەدەستهێنانی هەندێک شت، پەنا بۆ درۆکردن ببات.

٣. رەنگە هەندێکجار درۆکردن بۆ تۆڵەکردنەوە بێت، ئەویش کاتێک منال دەیەوێت تۆمەتێک لەسەر خۆی لابدات و بیداتە پاڵ یەکێکی تر، کە رەنگە ئەو دانە پاڵە بۆتۆڵەکردنەوە بێت.

٤. رەنگە لاسایی دایک و باوکی یان ئەو کەسانە بکاتەوە کە لێوەی نزیکن.

٥. رەنگە لەترسی سزادان منالان پەنا بۆ درۆکردن ببەن، چونکە لەکاتی تۆمەتبارکردن و ترسان لە سزاکان، هەوڵدەدات شتگەلێک دروست بکات بۆئەوەی لەرێگەیانەوە خۆی بپارێزێت لە سزادان.

٦. هەندێکجار منال کاتێک لەلایەن دایک و باوکەوە بەشی پێویست گرنگیی پێنادرێت و ئیهمال دەکرێت، پەنا بۆ درۆکردن دەبات بۆ ئەوەی سەرنجیان رابکێشێت.

هۆکارەکانی درۆکردن هەرکام لەم خالانە بن، ئەوا دەبێت دایک و باوک بەزویی هەوڵی چارەسەر کردنی بدەن و هەنگاوەکانی دورخستنەوەی منالەکەیان لە درۆکردن دەستپێبکەن. باشترین هەنگاوەکانیش، لەم خالانەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:

١. دایک و باوک دەبێت ببنە رابەرێکی باش بۆ منالەکانیان و خۆیان لە درۆکردن بەدور بگرن، بۆئەوەی منالەکانیان چاویان لێنەکەن. بۆنمونە جاری واهەیە تەلەفۆن بۆ دایک و باوک دێت کە لەمالن، بەڵام دەڵێن لەماڵ نین و لە دەرەوەین، کە منال ئەم درۆیە دەبیستێت، ئەویش درۆکردنی لەلا ئاسایی دەبێتەوە.

٢. دەبێت بپرسین و بزانین منال بۆ درۆ دەکات؟ هۆکارەکەی چییە؟ واتا کام لەو شەش هۆکارەیە کە ئاماژەمان پێدا؟ بەدیارییکردنی هۆکارەکەی، چارەسەرەکەشی ئاسان دەبێت، چونکە هەریەکە لەو هۆکارانە، شێوازی مامەڵەکردنی تایبەت و گونجاوی خۆی هەیە.

٣. ئەو منالانەی کەخەیاڵیان فراوان و بەپیتە، پێویستە دایک و باوک بەتایبەتی دایک، بەشدار بێت لە وێناکردنی خەیاڵەکانی و لەوبارەوە قسەی لەگەڵ بکات، ئەمەش وادەکات منال دوربکەوێتەوە لە بەکارهێنانی ئەو خەیالاتانە بۆ درۆکردن.

٤. دەبێت دایکان و باوکان بۆچارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە، بەهیچ شێوەیەک بیر لە لێدان و توندوتیژی نەکەنەوە، چونکە ئەم کارە وادەکات منالەکە هەڵوێستێکی نەرێنی وەربگرێت و درۆکردن لە نەستی دا بەهێز دەکات. بەڵکو دەبێت بەپێچەوانەوەو بەقسەی خۆش هانی منالان بدەن بۆ راستیی وتن و دورکەوتنەوە لە درۆکردن و پاداشتکردنی منالان لەکاتی وتنی راستی دا.

٥. هەندێکجار پێویست دەکات منالان لەسەر درۆکردنیان سزا بدرێن، بەڵام سزاکان دەبێت پەروەدەیی بن، واتا یاریی یان شتێکی دڵخوازی خۆیان لێ قەدەغە بکرێت، بۆئەوەی جارێکی دیکە بیر لە درۆکردن نەکەنەوە، بەپێچەوانەشەوە دەتوانرێت لەکاتی وتنی راستیی دا خەلات بکرێن وەک لەخالی پێشودا ئاماژەمان بۆ کرد.

سەرچاوە:

blogspot.com.raisingchildren123

یاساکەی هەرێم لە دژی فرەژنی هیچی پێنەکرا!



■ پارێزەر: نەشاد عومەر

پرۆسەی فرەژنی و هێنانی ژنی دوەم ئەگەر لە هەرێم ڕێژەکەی زیادی کردبێت، ئەوا لە ناوچەی گەرمیاندا پرۆسەکە بوە بە دیاردەیەکی زۆر بەربڵاو و ئاشکرا، ئەگەر ئەنجامدانی گرێبەستی هێنانی ژنی دوەم و زیاتریش لە ناوچەکانی تری هەرێمەوە زەحمەت بێت بۆ پیاوان تا بگەنە دادگاکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەوا بۆ پیاوانی ئەم ناوچەیە لە هەمو شتێک ئاسانترە و هیچ زەحمەتێکی تێدا نییە. ڕێژەی زۆری ئاوارەکان و هاتنی خێزانە عەرەبەکان بۆ ناوچەکەو بونی کچان و بێوەژنانێکی زۆر تێیانداو و ئەو داواکاریە زۆر کەمەی کە ئافرەتانی عەرەب هەیانە لە پیاوان و لێخۆشبونیان لە هەمو مافە دارایی و مادیەکانیان لە پیاوان، پرۆسەکەی هێندەی تر زیاد و ئاسان کردوە.

پرۆسەی هێنانی ژنی دوەم لە دادگاکانی دەروەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم، بە چەند شێوازێک ڕێگەپێدراوە، بەشێوەیەک کە دەکرێت لە هەرێم و لە دەرەوەی دادگا کەسێک ژنی دوەم بهێنێت و بە ئامادە کردنی دو شایەت لە یەکێک لە دادگاکانی باشور گرێبەستەکەی بکاتە یاسایی و لە ڕێگەی داوای (هاوسەرگیری دەرەکی)یەوە خۆی لە هەمو ترس و دڵەڕاوکێیەک ڕزگار بکات کە بێگومان ئەمە لە ڕێگەی بریکاریشەوە دەبێت، یان دەکرێت وەکو هەر گرێبەستێکی تری ئاسایی لەو دادگایانە گرێبەستەکەی ئەنجامبدات و تەنها ئەو چەند مەرجەی تێدا بێت کە یاسای عێراقی دایناوە ئەتوانێت ژنی دوەم و زیاتر بهێنێت.

مەرجەکانیش بونی پێویستییە بۆ ژنی دوەم و بەدیهێنانی عەدالەتە لە نێوانیاندا، گەرچی لێرەولەوێ هەوڵ و هەڵوێستی دژ ئەنرێت لەم دیاردەیە و وا پیشان ئەدرێت دیاردەیەکی نەویستراوە، بەڵام لە بەرئەوەی دیاردەکە لە پرۆسەیەکی تەواو یاسایی و شەرعیدا ئەنجام دەدرێت ئەوا هیچ لەو هەوڵانە نەک نەبونەتە هۆی کەمبونەوەی دیاردەکە، بگرە بەریان بە زیادبونیشی نەگرتوە.

ئەو هەموارەی کە پەرلەمانی کوردستان کردی لە یاسادا بۆ ڕێگەگرتن لە فرەژنی، زۆر شتی بە نارونی هێشتەوەو بە ئاشکرا چەند پرس و بابەتێکی یەکلا و دیاریی نەکردوە، ئیتر ئەم کارە بەمەبەست بێت یان لە پێناو زیاد نەکردنی چەند بڕگەیەک بێت. هەموارەکە دەبو کۆمەڵێک شتی دیاری بکردایە، بۆ نمونە: (هەموارەکە بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بەوە ناکات کە ئایا پیاوانی نیشتەجێی هەمیشەیی «دائم» هەرێم ئەتوانن لە دادگاکانی باشور گرێبەستی هاوسەرگیری بکەن یان نا؟ هەموارەکە هیچ کات توانا و هێزی ئەوەی نییە کە دادگاکانی سەر بە عێراق جێبەجێی بکەن! هەموارەکە بە هیچ شێوەیەک ناوی گرێبەستی هاوسەرگیری لە بەردەم دادگاکانی عێراق دا نەهێناوە! هەموارەکە بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوەی نەکردوە کە ئەو پیاوانەی ژنی دوەم ئەهێنن و ئەو ژنی دوەمە بە ڕەگەزنامەو بە شوێنی نیشتەجێبون خەڵکی ناوچەکانی باشوری عێراقە، چۆن مامەڵەیان لە گەڵ ئەکرێت؟) ئەمانەو چەندین نمونەی تر کە ئێستا سەریان هەڵداوەو هەموارەکەی هەرێم لە بەردەمیاندا دەستەوەستانە و جێگای ئەو نمونانەی تێدا نابێتەوە.

بۆ تێگەشتن لە چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەکە و هەڵوێستی یاسا و دادگا لەم ڕووەوە بە کورتی چوارچێوە یاسایەکانی ئەم پرۆسەیە دەخەمەڕو.

سەرەتا ئێمە یاسای لێبوردنی گشتی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٢) مان هەیە، کە سەرۆکایەتی هەرێم دەریکردوەو بە پێی ئەم یاسایە هەرکەسێک ژنی دوەمی تا ئەو بەروارە هێنابێت، ئەوا بێ هیچ سزاو غەرامەیەک پێویستە دادگاکان لێی خۆش بن و هەتا ئەگەر سکاڵاش کرابێت لەو کاتەدا، ئەوا لە کاتی حوکمداندا پێویستە هەمو ڕێوشوێنە یاسایەکان لە دژی تۆمەتبار ڕابگیرێت و دۆسیەکەی بە یەکجاری دادەخرێت، بۆ ئەوەش چەندین بڕیاری دادگا هەیە هەرچی دوای ئەو بەروارەیە ئەوا دیسان دادگاکانی هەرێم شتێکی ئەوتۆیان پێ ناکرێت بۆ کەسی قوربانی، چۆن؟

دەبێت ئەوە بزانین کە هێنانی ژنی دوەم و فرەژنی لە چوارچێوەی ئەو تاوانانەیە کە بە تاوانەکانی مافی کەسی دائەنرێن بە پێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی «اصول المحاكمات الجنائیه» و بە پێی مادەی (٣)ی یاساکە تەنها ئەو ژنەی کە ژنی بەسەردا هێنراوە دەتوانێت سکاڵا بکات و بەهیچ شێوەیەک داواکاری گشتی و هیچ کەسێکی تر مافی جوڵاندنی سکاڵا و هەواڵ دانیان نییەو ماوەی سکاڵاش تەنها ٣ مانگە، دوای ٣ مانگ ژن ناتوانێت سکاڵا تۆمار بکات.

کە لای هەموان ڕونە سکاڵا تۆمارکردن لە دژی پیاو لە لایەن ژنەکەی خۆیەوە شتێکی تاڕادەی ئەستەمە و کەم ژن هەیە لە کۆمەڵگای لەم شێوەیەدا بتوانێت لە دژی پیاوەکەی خۆی پەنا بباتە بەر دادگا، بۆ ئەمەش چەندین نمونەی زیندو هەیە کە چەندین ژن گەرچی ناڕازیبون و بە تەواوی بە هۆی ژنی دوەمەوە بونەتە قوربانی، بەڵام نەیانتوانیوە سکاڵا بکەن. دەبو یاسادانەری هەرێم ئەم دۆخەی ژنانی لە بەرچاو بگرتایە و دەشکرێت ئەو مادەیە هەموار بکرێتەوە.

هەروەها ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین ژن پەنا دەباتە بەر دادگاکان و سکاڵا تۆمار دەکات، یەکەم شت ئەوەیە کە هێنانی ژنی دوەم بە پێی یاسای باری کەسێتی عێراقی پرۆسەیەکی یاساییەو سزا و لێپێچینەوەکانی یاساکەی عێراق زۆر سوکە و شایەنی باسکردن نییە، چونکە ئەو مەرجانەی یاساکە دایناوە هەمو پیاوێک ئەتوانێت لە بەردەم دادوەر بە خۆی ڕەوا ببینێت و واپیشان بدات کە مەرجەکانی تێدایە، کە سەرەنجام دادوەر گرێبەستەکەی بۆ ئەنجام دەدات. هەڵبەت هەر ئەمەیە وا دەکات پیاوانی دانیشتوی هەرێم پەنا ببەنە بەر دادگاکانی دەرەوەی هەرێم چونکە بە پێی دەستوری عێراقی هەر هاوڵاتیەکی هەرێم بە هاوڵاتی عێراقی دادەنرێت و یاسای باری کەسێتی عێراقی بەسەر هاوڵاتیانی هەرێمیشدا جێبەجێ دەبێت و بەو شێوەیەش لەو دادگایانە پیاوانی دانیشتوی هەرێم دەتوانن سودمەند بن لەو فرەژنییەی کە یاسای عێراقی ڕێگەی پێیداوە.

لە بەر ئەوە هەر کەسێک ژنی دوەم بهێنێت بە پێی یاساو دادگاکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەوا کارێکی یاسایی کردوەو هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ ناکرێت، بەڵام ئەگەر ژنی یەکەم سکاڵای لە دادگاکانی هەرێم تۆمار کرد بەوەی کە یاسای باری کەسێتی هەرێم لە هەمواری یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی (٢٠٠٨) دا فرەژنی تاڕادەیەکی زۆر قەدەغە کردوەو تەنها بە چەند مەرجێک نەبێت کە بێگومان مەرجەکان زۆر توندن و لەسەروی هەمویەوە ڕەزامەندی ژنی یەکەمە، بەڵام بەشی دوەمی هەموارەکە بە تەواوی بوەتە جێگای گفتوگۆ و بە تەواوی لە لایەن بەشێکی زۆری خەڵکەوە ڕەت دەکرێتەوە، کە سزاکەی دیاری کردوەو دەڵێت: «هەرکەسێک پێچەوانەی مەرجەکانی یاساکە ژنی تری هێنا ئەوا سزا دەدرێت بە حەبس کردن لە نێوان ٦ مانگ بۆ ساڵێک و غەرامەیەکی ١٠ ملیۆنی».

بێگومان ئەگەر هاتو دادگاکانی هەرێم کاریان لەسەر سکاڵای فرەژنی کردو و بڕیاریان دا کە گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگاکانی باشور نایاساییە «کە ئەمەش زۆر زەحمەتە، چونکە جگە لەوەی پێچەوانەی دەستورە و لەبەر ئەوەش کە هەموارەکەی هەرێم بە شێوەیەکی زۆر گشتی و کرچوکاڵ و ناوردبینی کراوە و لە هەمان کاتدا گفتوگۆی زۆری یاسایی هەڵدەگرێت»، دوای ڕێوشوێنیکی زۆر و کاتێکی درێژخایەن ئەگەر هەر دادگایەکی هەرێم سزای کەسی تۆمەتباریدا ئەوا سزاکەی ٦ مانگ زیندانی و بڕێک پارە غەرامەیە، کە بێگومان بە پێی ئەزمونی کارکردنی دادگاکانی لێکۆڵینەوەو کەتن لە دادگاکانی گەرمیان، قۆناغی کۆتایی هاتنی هەر سکاڵایەکی فرەژنی ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت کە دەگاتە زیاتر لە ساڵێک، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک هیچ سودێکی بۆ قوربانی ناو ئەم سکاڵایانە نابێت.

بە کورتی ئەگەر دادگاکانی هەرێم بڕیاری ئەو سزایەیاندا ئەوا لە پرۆسەیەکی تەواو زەحمەتدا داویانە، چونکە سزادانی کەسێک کە بە پێی یاساو دادگای فەرمی عێراقی گرێبەستی ئەنجامدابێت، پرۆسەیەکی زۆر زەحمەتە و ڕەنگە لە لایەن یاساو دادگاکانی عێراقەوە بە تەواوی بە نایاسایی دابنرێت، هۆکاری ئەمەش ئەو ئاڵۆزییەی سیستەمی یاسایی و ئیداریی و دەستورییەیە کە لەنێوان هەرێم و عێراق دروست بوە.

ئەمە جگە لەوەی لە بەرپرسیارێتیەکان بە پلەیەکی تر لە ئەستۆی ئەو دادگایانەیە کە ئەو پرۆسانەیان تێدا ئەنجام دەدرێت، بەتایبەتی بەرپرسیارێتی دادگاکانی باشور کە ڕوبەڕوی ئەو تۆمەتە دەبنەوە هاوکاری فراوانبون و زیادبونی فرەژنی دەکەن یان نا؟ هەروەک بەرپرسیارێتیەکی تریشی لە ئەستۆی دادگاکانی هەرێمە کە ئایا چۆن دەچن بە پیری سکاڵاکانی فرەژنییەوە؟ ئەمە جگەلەوەی سکاڵانەکردنی خودی ژنانیش، هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی کەیسەکانی فرەژنی بەئەنجام نەگەن!

تێڕوانینێکی هەڵە بۆ گەرمیان!

■ شەرمین عەلی

هەرکە ناوی گەرمیان دەهێنرێت، زهنیەتی زۆرینەی ئەوانەی خەڵکی دەرەوەی ئەم ناوچەیەن، بۆ لای ژن کوشتن و خەتەنەو توندوتیژی دەچێت.

کۆمەڵگەی کوردی بە گەرمیانیشەوە، کۆمەڵگەیەکی داخراو، کلتورخواز و نێر سالارە، ئەوەشی بۆتە قوربانیی سەرەکی ئەم ژینگەیە ژنانن، واتە ژنکوژی و توندوتیژی تەنها تایبەت نیە بە یەک ناوچە، باشترین نمونەش بۆ ئەوە بونی دەیان ژنی چالاکی گەرمیانیە، کە لە ڕابردو ئێستاشدا لەبوارەکانی سیاسی، ڕۆژنامەنوسی، کاری مەدەنی و کایەی ڕۆشنبیری و هونەردا، لەسەر ئاستی کوردستان دیار و دەرکەوتو خاوەن ڕۆڵ و پێگەن، خۆ دواجار ئەم ژنانەش لەهەناوی ئەم ناوچەیەدا گەورە بون و پێگەیشتون، کە زۆرینە وەک ناوچەیەکی ژنکوژ لێی دەڕوانن.

ئامارەکان دەریدەخەن ساڵانە دەیان ژن لە کوردستاندا بە پاساوی بێ بنەماو بەناوی شەرەف پارێزییەوە دەکوژرێن، یاخود ناچار بە خۆکوشتن دەکرێن، ئیتر بۆ دەبێت فۆرمی ژنکوژی و کاری نامرۆڤانە بە باڵای گەرمیان ببڕرێت.

دروستکردنی ئەم جۆرە تێڕوانینەو دیاریکردنی جوگرافیایەکی دیاریکراو وەک شوێنێکی دژە ژن، جگە لە زەقکردنەوەی کلتوری ژنکوژی و ڕەواجدان پێی، هیچی تری لێ بەرهەم نایەت، دەکرێت لەبری ئەوە کار لەسەر دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی ئەو ژنانە بکرێت، کە لەم ناوچەیەیەدا بون بە سەرمەشق و ڕچکە شکێن، نەک زەقکردنەوەی حاڵەتە نەخوازراوەکان وەک دیاردەو کلتور.

ئەوەشی ئێستا بە ڕونی لە گەرمیان دەبینرێت، کلتورو نەریت و بەربەستە باوەکانی بەردەم ژنان، بە هەوڵی خۆیان و کەسانی ئازادیخواز لە کاڵبونەوەدان، زۆر زیاتر لە ڕابردو ژنان و کچانی گەنج هاتونەتە مەیدانی کارکردن، کەلە زۆر بواردا بون و ئامادەگی ئەوان زیاترە لە پیاو.

منداڵانی ئۆتیزم لەگەرمیان.. حکومەت پشتی تێکردون و سەنتەری ئەهلی دەیانگرێتەخۆ

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

(محەمەد) لەسەر مێزی دانیشتنەکە دانیشتبو، یاری بەو یاریانە دەکرد کە لەپێشی دا بو، بەدەم یاریکردنەوە جارجار دەیوت: «ئاو...» کە تاکە وشەیە فێری بوە. ئەو دڵخۆشی بەروخسارییەوە دیار بو، بەدەم بزەیەکەوە یاری ئەکرد و هەندێکجار بەدەستە بچوکەکانی چەپڵەی بۆ هاورێ کچەکەی لێئەدا. ئەو دوانە هەردوکیان نەخۆشی (ئۆتیزم)یان هەبو، لەنێو (سەنتەری ئایدا) بون، کەسەنتەرێکی ئەهلییەو بەم دواییانە بۆ منداڵانی نەخۆشی ئۆتیزم لە گەرمیان کراوەتەوە.

ئۆتیزم کە بەعەرەبی پێی دەوترێت «التوحد»، نەخۆشیەکە کە لەمێشکی منداڵ دا دروست دەبێت و بەهۆیەوە پەیوەندی گرێدان لەگەڵ دەوروبەردا گران دەکات، چونکە پارچە جیاوازەکانی مێشک ناتوانن بەیەکەوە کار بکەن.

دیارترین خاڵی جیاکەرەوەی نەخۆشیەکە ئەوەیە کە کەسی توشبو ناتوانێت پەیوەندیەکی ئاسایی لەگەڵ دەوروبەر بنیات بنێت و زۆربەی کات گۆشەگیرەو لە دونیای تایبەتی خۆیەتی.

لەسنوری گەرمیان ١٠٦ منداڵی توشبوی نەخۆشی ئۆتیزم هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم منداڵانە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا تایبەتە، بۆیە پێویست بە بونی سەنتەر و ناوەندی تایبەت دەکات.

لەئێستاشدا پاش ئەوەی حکومەت نەیتوانی هیچ بۆ توشبوانی ئەم نەخۆشیە بکات، رێکخراوی (ئایدا) کەتایبەتە بە چاودێریی منداڵانی ئۆتیزم، سەنتەرێکی تایبەتی لە شاری کەلار کردوەتەوەو منداڵانی نەخۆشی ئۆتیزم لەخۆ دەگرێت.

> بونی سەنتەرێکی وا یارمەتیدەرە هەم بۆ منداڵان و هەم بۆ خانەوادەی منداڵانی توشبو

سەعید کەریم، بەڕێوبەری سەنتەری ئایدا بۆنەخۆشی ئۆتیزم، بۆ (نەوژین) وتی: «من کەمناڵەکەم توشی نەخۆشی ئۆتیزم بو بۆیە بڕیارم دا سەنتەرێکی وابکەینەوە، چونکە کۆژان و ئازاری ئەو خێزانانە دەزانم کە مناڵەکانیان توشبوی نەخۆشی ئۆتیزمن، بۆیە ئێرە بە باشترین شوێن دەزانم کە مناڵەکان سودمەندبن لێی».

وتیشی: «ماوەی هەشت مانگە سەنتەرەکەمان مۆڵەتی پێنەدرابو، بەڵام مانگی شوبات بەفەرمی مۆڵەتمان وەرگرتووو کردمانەوە».

هەندێک لە هاوڵاتیان نەخۆشەکانی ئۆتیزم بە «شێت» دەزانن، بەڵام بەوتەی سەعید کەریم «لەراستی دا وانیەو ئەو منداڵە ئەگەر چارەسەری تەواوی بۆ بکرێت باش دەبێتەوەو تارادەیەکی زۆر وەکو منداڵێکی ئاسایی لێدێت».

مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی توشبوی ئۆتیزم، کارێکی سەخت و گرانە، هەر ئەمەشە دایکان و باوکان نەتوانن بەشی پێویست مامەڵەی تەندروست لەگەڵ مناڵە نەخۆشەکانیان بکەن.

گوڵان رەشید، دایکی مناڵێکی توشبوی ئۆتیزمە، بۆ (نەوژین) وتی: «تێگەیاندنی مناڵەکەم زۆر قورس بو، بۆیە پێویست بو کە سەنتەرێکی لەمشێوەیە بکرێتەوە».

باسیلەوەشکرد کە لە چەند رۆژێکی هێنانی مناڵەکەی بۆ ئەم سەنتەرە، هەستی بە بەرەوپێشەوەچونی کردوە «لەوەتەی هێناومەتە ئەم سەنتەرە هەست ئەکەم بەرەوباشبون ئەچێت و لەحاڵەتی خراپبونی جارانی تارادەیەک باشبوە، بونی سەنتەرێکی وا یارمەتیدەرە هەم منالان وهەم خانەوادەی منالانی توشبو».

دەشتی حەسەن، توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستای سەنتەری ئایدا بۆ منالانی ئۆتیزم، بۆ (نەوژین) وتی: « پێگەیاندن و تێگەیاندنی مناڵەکان تارادەیەکی زۆر قورسە، چونکە قسەناکەن کەئەمەش بۆئێمە زۆر قورس دەبێت».

وتیشی: «منالی واهەیە بەمانگێک فێری وشەیەک ئەبێت، هەشمانە بە دو مانگ تا شەش مانگ فێری وشەیەک ئەبێت، ئەمەش دەریدەخات کە کارەکەمان چەند سەختە»

ئەو سەنتەرە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی، مانگانە بڕێک پارە لە کەسوکاری مناڵەکان وەردەگرێت، ئەگەرچی بەوتەی بەڕێوەبەری سەنتەرەکە پارەکەش شتێکی ئەوتۆ نیەو بۆ بەڕێوەبردنی خەرجیەکانی سەنتەرەکەیە.

هاوکات دەشتی حەسەن، وەکو توێژەرێک ئاماژەی بەوەکرد کە «ئەوان راستە موچەیەک وەردەگرن، بەڵام ئامانجی سەرەکیان هیوا بەخشینە بە دایک و باوکی مناڵەکان و فێرکردن و پێگەیاندنی مناڵەکانە».

(گوڵان رەشید)یش، ئاماژەی بەوەکرد کە لێرە بڕە پارەیەک ئەدەن، بەڵام وەکخۆی وتی: «خوازیارین حکومەت هاوکارمان بێت، چونکە باری دارایی زۆربەی ئەو خێزانانە خراپە».

بەڵام ئایا حکومەت چی پێدەکرێت؟

دەرون عومەر، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: «پشگیریکردن و هاوکاریکردنی ئەم سەنتەرانە پێویستە، ئێمەش هاوکار و پشتگیریانین».

وتیشی: «ئێستە هەوڵدەین لەشاری خانەقین وکفریش سەنتەری وا بونی هەبێ، چونکە هەندێک لەخێزانەکان پارەی کرێ پاس و هاتوچۆکردنیان نیە بۆ ئەوەی مناڵەکانیان بهێنن بۆ ئێرە، بۆیە پێویستە لەو ناوچانەش سەنتەری وابکرێتەوە.»

بەربڵاوترین و دیارترین نەخۆشیەکانی ژنان

■ نەوژین

جەستەی مرۆڤ بەگشتی توشی چەندین کێشەی تەندروستی و نەخۆشی دەبێتەوە، بەڵام هەندێک لەنەخۆشیی و کێشەکان زیاترن لەوانی تر، بەتایبەتی لەلای ژنان.

کەوایا بابپرسین: سەرچاوەی نەخۆشیەکانی ژنان چین؟ چین زۆرترین و بەربڵاوترین نەخۆشی و کێشە تەندروستیەکانی ژنان؟ چۆن دەکرێت خۆمانی لێ بپارێزین؟

د.رەفقا بوحەبیب، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ژنان و منالبون و نەشتەرگەریی هاناوبینیی، وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە.

ئەو باسلەوەدەکات کە لایەنی پزیشکیی ژنان بەگشتی دابەش دەبێت بەسەر دو کەرت دا: دوگیان بون و نەخۆشیەکانی ژنان. ئەوەی یەکەمیان قۆناغێکی سروشتییەو هەمو ژنێک یان زۆربەیان دەیبینن، بەڵام ئەوەی دوەم کەنەخۆشیەکانە، مەرج نیە هەمو ژنێک توشی بێت، بەڵکو ئەگەر ئامادەکاری پێویست و گونجاو بکرێت، ئەوا زۆرینەی ژنان ئەتوانن خۆیانی لێبپارێزن.

ئەو پزیشکە ئاماژە بەوەدەکات کە ژنان بەترسەوە لە سەردانی پزیشک دەڕوانن و تەنها لەکاتی بونی کێشەو نەخۆشی دا سەردانی دەکەن، لەکاتێکدا واباشترە بەشێوەیەکی خولیی «دوری» سەردانی پزیشک بکرێت و پشکنینی گشتی ئەنجام بدات، بەتایبەت بۆ دڵنیابون لەنەبونی هیچ جۆرە نەخۆشیی و کێشەو گرێیەک، چونکە زانین و دەستنیشانکردنی هەر کێشەو نەخۆشیەک لەکاتێکی زو دا، ئەوا دەرفەتی زو رزگاربونیش زیاتر دەکات، بەپێچەوانەشەوە دواخستن نەخۆشیەکە گەورەتر و سەختتر دەکات.

هەوکردنەکانی ژنان

هەوکردنەکانی ژنان «التهابات نسائیە» وەک (د.رەفقا بوحەبیب) ئاماژەی پێدا، دابەش دەبێت بەسەر دو بەش دا. بەشی یەکەم ئەو نەخۆشیانەیە کەتوشی بەشی سەرەوەی منالدانی ژن دەبێت وەکو (ملی منالدان و رێڕەوەکان و هێلکەدان)، بەشی دوەمیش ئەو نەخۆشیانەیە کە توشی بەشی ژێرەوەی منالدان دەبێت کە بەهۆی سێ هۆکارەوە ژنان توشی دەبن، کەئەوانیش: (کەڕو، بەکتریا و Trichomonasis ن).

بەگوێرەی کۆمەڵەی گشتی ئەمریکی بۆ نەخۆشیەکانی ژنان، هەوکردنە بەکتیرییەکان، بەربڵاوترین جۆری نەخۆشیی و هەورکردنن، کە هاوکات ئاسانترین جۆری هەوکردنیشن و هۆکارەکەشی بونی بەکتریایەکە کەخۆی لە بنەڕەتەوە لە منالدان دا هەیە، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاریەکەوە لە جەستە یان خواردنی هەندێک ئەنتی بایۆتیک، یان کەمبونەوەی بەرگری لەش و یاخود هەندێکجار رەچاونەکردنی پاکوخاوێنی پێویست، بەزویی گەشەدەکەن و زیاد دەکەن و هەوکردنی لێدەکەوێتەوە.

بەڵام بەوتەی (د.رەفقا بوحەبیب)، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بەربڵاوترین جۆری هەوکردنەکان، کەڕوەکانن، بەتایبەت لەجۆری «Candida».

بەوتەی ئەم پزیشکە، ئەم جۆرە هەوکردنە هەمو ژنێک دەگرێتەوە لەمنالی بچوکەوە بۆ ژنانێک پاش نەمانی سوڕی مانگانەشیان، هۆکاری سەرەکی توشبونیش روودانی گۆڕانکاریی هۆرمۆنیە لەجەستە، یان خواردنی دەرمانی دژە زیندە «ئەنتی بایۆتیک»ە.

هەرچی جۆری سێیەمی هەوکردنەکانە کە پێی دەوترێت «بارازیت Trichomonasis»، ئەوا بەوتەی (د.رەفقا بوحەبیب) دەبێتە هۆی دروستبونی سوتانەوەو خوران و دەردانی شلەو دەردراوی رون و لینج.

لەبارەی ئەو نەخۆشیانەشی کەتوشی بەشی سەرەوەی منالدان دەبن، ئەو پزیشکە رونیدەکاتەوە کەهەندێکجار ئەو نەخۆشیانە گوازراوەن و لەرێگەی سەرجێیکردن و پەیوەندی سێکسییەوە دروست دەبن، هەندێکجاریش بەهۆی هەوکردنی میوزەڕۆوە توش دەبن بەهۆی بەکتریای «E-Coli» لەدەرەچەی منالدان دا، ئەمیش لەوردەکارییدا هۆکاری لاوەکی و جیاوازی هەیە، وەکو بەکارهێنانی شێوازی خراپ لە شۆردنی ناوچەکە، یاخود گیردانی میز یان بەشی پێویست ئاو نەخواردنەوە، تەنانەت هەندێکجاریش بەهۆی نەخۆشیەکانی گورچیلەو بونی بەردی گورچیلەوە منالدان توشی ئەو نەخۆشیە دەبێت.

چارەسەر چییە؟

ئەو پزیشکە باسلەوەدەکات هەر نەخۆشییەو هەر نەخۆشێکیش تایبەتمەندی خۆیان هەیەو لەکەسێک بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی هەندێک بنەما هەیە کەبەرەچاوکردنی، باری گرانی سەر ژنان سوکتر دەبن، لەپێش هەموشیانەوە پاکو تەمیزی راگرتن و خۆپاراستنن.

لەو خاڵانەی کە (د.رەفقا بوحەبیب) پێشنیازی دەکات کەوەکو خۆپارێزی پێویستە بگیرێتە بەر، ئەوەیە کەلەکاتی بەکارهێنانی دەرمانەکانی ئەنتی بایۆتیک بۆماوەیەکی زۆر لەلایەن ژنانەوە، ئەوا دەبێت دەرمانێک بۆ پاراستن لە هەوکردنیش بەکاربهێنرێت بەمەبەستی لادانی مەترسی و کاریگەری ئەو دژە زیندانە لەسەر منالدانی ژنان. هەروەها راهێنانی کچان هەر لەتەمەنێکی زوەوە بەوەی پێویستە شێوازی خۆپاکراگرتن بەتەواوی جێبەجێبکەن بەتایبەتی بەشێوەیەک بێت لەپێشەوە بەرەو دواوە خۆیان بشۆن و پاک بکەنەوە.

هەروەک بۆناوچە هەستیارەکان نە سابونی تیژ بەکاربهێنرێت، نە خاولی و وشککەرەوەی کەسانی دیکە، چونکە مەترسی گواستنەوەی نەخۆشی لێدەکرێت، بەڵکو پێویستە هەر کەسەو خاولی و پاککرەوەی تایبەت بە ناوچە هەستیارەکانی خۆی هەبێت و هی کەسی تر بەکارنەهێنێ.

منالاَن لە قەفەسی هاوسەرگیریی دا...

10 وڵات ڕێگە بە بەشودانی کچانی منالّ دەدەن

■ نەوژین

ڕاپۆرتێک کە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەمریکی دەریکردوە، ئاماژە بە ١٠ وڵاتی عەرەبی دەکات کەبەپێی یاساکانیان، ڕێگە بە بەشودانی کچانی منالّ لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵەوە دەدەن.

هاوسەرگیریی پێشوەخت، یان زو بەشودانی کچان، پرۆسەیەکە لەزۆرێک لە وڵاتە دواکەوتوەکان دا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش کارێکە بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤی جیهانی ڕێگەپێنەدراوە، چونکە مرۆڤ تا دەگاتە تەمەنی ١٨ ساڵی، بە منالّ هەژمار دەکرێت و دەبێت مافە یاسایی و مرۆییەکانی دەستبەر بکرێت و نەخرێتە ژێر بارگرانی هاوسەرگیرییەوە.

لەنێو وڵاتانی جیهان دا، بەدیارییکراویی وڵاتانی عەرەبی، لەپێشەنگی ئەو وڵاتانەن کە کچانی منالّی تێدا بەشو دەدرێن و هاوسەرگیرییان پێدەکرێت.
بەپێی توێژینەوەکەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەمریکی کە پشتی بەو زانیارییانە بەستوە کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کۆیکردونەتەوە، یاسای زۆرینەی وڵاتانی عەرەبی ڕێگە بەم کارە دەدات، ئەگەرچی هەندێکی تریشیان تەمەنی هاوسەرگیرییان بە ١٨ ساڵ بۆ سەرەوە دیاریی کردوە، بەڵام سەرباری ئەوەش لەبارودۆخی تایبەت دا ڕێگە بە شوکردنی کچانی خوار ئەو تەمەنەش دەدەن، ئەمەش هەندێکجار بە پاساویی «قازانجی» کچەکە.
ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوەدەکات، لەو وڵاتانە کە تەمەنی هاوسەرگیری کراوەتە سەروی ١٨ ساڵ، بەڵام لەزۆرێک لە ناوچە دورەدەست و لادێنشینەکان دا، گوێ بەم یاسایانە نادرێت و کچان لە تەمەنێکی منالّ دا بەشو دەدرێن.
ئەمەش لیستێکە بەناوی ئەو ١٠ وڵاتە عەرەبییەی کە ڕێگە بە هاوسەرگیریی کچانی منالّ دەدەن:

1

بەحرەین

یاساکانی ئەم شانشینە، کەمترین تەمەنی هاوسەرگیریی بۆ کچانی بە ١٥ ساڵ و بۆ کوڕان بە ١٨ ساڵ دیاریی کردوە.

2

کوەیت

بەپێی یاساکانی ئەم وڵاتە، کەمترین تەمەنی هاوسەگیری بۆ کچان ١٥ ساڵە، بەڵام بۆ کوڕان ١٧ ساڵە.

3

لوبنان

لەم وڵاتەدا یاسا ڕێگەی داوە کچان لەتەمەنی ١٧ساڵییەوە هاوسەرگیریی بکەن، بەڵام بۆ کوڕان تەمەنەکە ١٨ ساڵە.

4

عێراق

کەمترین تەمەنی هاوسەرگیریی بۆ کچان لە کۆماری عێراق ١٥ ساڵە، بەڵام بەومەرجەی ڕەزامەندی دایک و باوکی لەسەر بێت.

5

قەتەر

لەم وڵاتە بچوکەدا، کچان لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە بەپێی یاسا، ڕێگەی هاوسەرگیرییان پێدراوە.

6

سعودیە

شانشینی سعودیە، هیچ یاسایەکی نییە کە تەمەنی کچانی بۆ هاوسەرگیری دیاریی کردبێت، بەڵکو هەندێک لە زانا ئاینییەکانیان فەتوای ئەوەیان داوە کە کچان لەتەمەنی ١٠ ساڵییەوە دەتوانرێت بەشو بدرێن.

7

سۆماڵ

هیچ تەمەنێک بۆ شوکردنی کچان دیاریی نەکراوە. ڕاپۆرتی سەنتەرەکە ئاماژە بەوەدەکات کە ٤٥٪ ژنانی ئەم وڵاتە، لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە هاوسەریگرییان پێکراوە، ٨٪ لەخوار تەمەنی ١٥ ساڵییەوە بەشو دراون.

8

سوریا

کەمترین تەمەن بۆ هاوسەرگیریی کچان ١٧ ساڵەو بۆ کوڕانیش ١٨ ساڵ.

9

سودان

یاسای ئەم وڵاتە کەمترین تەمەنی کچانی بۆ هاوسەرگیریی، بە ١٠ ساڵ دیاریی کردوە.

10

یەمەن

یاسا هیچ بنەمایەکی لەبارەی تەمەنی کچان بۆ هاوسەرگیریی دیاریی نەکردوە، بەڵام بەشودانی کچانی منالّ دیاردەیەکی زۆر بەربڵاوی ئەم وڵاتەیە، بەشێوەیەک کچان لەتەمەنی ٨ ساڵییەوە بەشو دەدرێن.

سەرچاوە: سایتی ڕادیۆ سەوا

هەمو شتێک لەبارەی گرنگی شیری دایک و سودەکانی

■ نەوژین

شیری دایک خۆراکی تەواوە بۆ کۆرپەکەی. زیاتر لە ٤٠٠ جۆر ماددەی خۆراکیی تێدایە لەگەڵ هۆرمۆن و پێکهاتەی تر، کە بەرگری دەکەن دژی توشبونی کۆرپە بە نەخۆشی کە لە شیری قوتودا نین.

بۆ ماوەی چەند پێویستە شیری دایک بدرێت بە کۆرپە؟

باشترە کۆرپە، لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی تەمەنیدا تەنها شیری دایکی بخوات. دواتریش کە دەستی کرد بە خواردنی خۆراکی ڕۆژانەی کەسانی پێگەشتو، پێویستە شیری دایکیشی بەردەوام بێت هەتاکو کۆتایی ساڵی یەکەمی تەمەنی. بەم شێوەیە بەرگریی لەشی کۆرپەکەت پارێزراوتر دەبێت.

سودەکانی شیری دایک چین بۆ کۆرپە؟

* شیری دایک دژە تەنەکانی تێدایە کە بەکتریا و ڤایرۆس لەناودەبەن.
* مەترسیی توشبونی کۆرپە بە نەخۆشیی ڕەبۆ و هەستیاری کەم دەکاتەوە.
* مەترسیی کێشی زیاد کەم دەکاتەوە.
* پەیوەندیی نێوان دایک و کۆرپە بەهێز دەکات.

سودەکانی شیردانی سروشتی چین بۆ دایکەکە؟

* لەشی دایکەکە لە کاتی شیردانی سروشتیدا کالۆریی زیاد دەسوتێنێت. بەم شێوەیە هاندەر دەبێت بۆ دابەزاندنی کێشی زیادی دەستکەوتو لە کاتی سکپڕییەکەدا.
* خوێنبەربونی منداڵدان کەم دەکاتەوە دوای منداڵبون.
* مەترسیی توشبونی شێرپەنجەی مەمک و هێلکەدان کەم دەکاتەوە لە دایکەکەدا.

چۆن بزانم منداڵەکەم بە شیری خۆم تێردەخوات یاخود نەخێر؟

ئەمانەی خوارەوە چەند نیشانەیەکی وەرگرتنی کۆرپەیە بە خۆراکی تەواو و پێویست:
* مەمکەکان نەرمتر دەبن دوای شیردان، چونکە کۆرپە بەشێکی شیرەکەی خواردۆتەوە.
* دوای شیرپێدانەکە کۆرپە هێواش دەبێتەوە و دەخەوێت.
* کۆرپە کێشی بە شێوەیەی سروشتی زیاد دەکات.
* لە چەند ڕۆژی سەرەتای تەمەنی کۆرپەدا، لەوانەیە یەک یان دو دایبی تەڕبکات، چونکە کۆرپە لە مەمکی دایکیەوە لە جیاتی شیر شلەیەکی زەردی خەست دەخوات پێدەوترێت Colostrum کە زۆر بەسودە و نابێت فڕێ بدرێت. کە شیر لە مەمکەکان دروستبو، کۆرپە ڕۆژانە شەش بۆ هەشت دایبی تەڕ دەکات.
* لە مانگی یەکەمی تەمەنیدا کۆرپە پیساییەکەی زەردە و ڕۆژانە لانی کەم سێ جار پیسایی دەکات.

جیاوازییەکانی نێوان شیری دایک و شیری قوتو چین؟

* مەمکی دایک لە چەند ڕۆژی یەکەمی شیردان دا شلەیەکی زەردی خەست دەردەکات کە زۆر دەوڵەمەندە بە دژەتەنەکان و بەرگریی لەشی کۆرپە دژ بە نەخۆشی بەهێزدەکات. ئەم ماددەیە لە شیری قوتودا نییە.
* ماددەی پڕۆتین و چەوری و کاربۆهایدراتی شیری دایک بە ئاسانتر لە کۆئەندامی هەرسی کۆرپەدا هەڵدەمژرێت، هەرچەندە بڕەکانی کەمترە بە بەراورد بە شیری قوتو.

ئەو خۆراکانەی شیری دایک زیاد و کەم دەکەن؟

هەندێک خۆراک هەن کە بڕی شیری دایک زیاد دەکەن و هانی شیردان دەدەن وەکو: (شوفان، ماسیی سەلەمۆن، سپێناخ، گێزەر، برنجی قاوەیی، قەیسی و بادەم).
هەروەک هەندێک خۆراکی دیکەش هەن کە بەپێچەوانەوە شیری دایک کەم دەکەن و دەبێت دایک لێیان دور بکەوێتەوە. ئەوانیش:
١. قاوە و چا، چونکە ماددەی کافیین دەچێتە شیرەکەوە.
٢. پیاز و سیر و خۆراکی تون، چونکە تامی شیر تێک دەدەن.
٣. خوردنەوە کحولییەکان.

ئا: کەرتی تەندروستیی ڕێکخراوی هۆرایزن ڕیلیف

دەربارەی نەوژین

نەوژین، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن ڕادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.
ڕادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە ٢٠١٠ وە بە پەخشی ڕادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.
ڕۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی ڕادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.
ڕۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەیەکی ڕادیۆی دەنگ کە لەلایەن سندوقەکەوە پاڵپشتیی دەکرێت.
ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولێکی ڕاهێنانیان لەلایەن ڕادیۆی دەنگەوە بۆئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە.
بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە:
تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠
ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com
فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن
www.radiodang.org

کچێک خانەقین ڕەنگ دەکات

■ **نەوژین، سۆما جاف**

تاژان فەخرەدین، کچە شێوەکارێکی دانیشتوی قەزای خانەقینە و لە هەوڵیکدا بۆ جوانی بەخشین بە سیمای شارەکەی لەگەڵ یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق، پرۆژەیەکی بۆ ڕەنگکردنی هەندێک دیواری ئەنجامداوە.

لە بارەی پرۆژەی جوانکارییەکەیەوە، (تاژان) بۆ (نەوژین) وتی: «پرۆژەی جوانکاری بۆ شوێنە گشتیەکانی خانەقین بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یەکێتی لاوان ئەنجاممدا، هەڵبەت ئەوان خاوەنی بیرۆکەی پرۆژەکە بون و وا ڕێککەوتین کە ئەوان کەرەستە دابین بکەن و من وێنە بکێشم لەسەر ئەو دیوارانەی کە خۆیان دەست نیشانیان دەکرد».

تاژان فەخرەدین، ئەوەشی وت : « کەئەم ئیشەم تەواو کرد بە سوپاسەوە خەڵکی خانەقین ناسنامەی (هونەرمەندی ئەڵوەن)یان پێبەخشیم کە بە راستی ئەو نازناوە بۆ من جێگای شانازیەو هاندەرێکە کە لە داهاتو دا کاری لەوە جوانتر بکەم بۆ شارەکەم».

باسیلەوەشکرد کە دەستی بە کارکردن کردوە لەو پرۆژەیە، خوێندکاری قۆناغی چواری پەیمانگای هونەرەجوانەکان بوەو ئەو بیرۆکەیەی هەر لەخەیاڵدا بوە کە لەسەر دیوار نەخش بکێشێت، بەڵام دواتر (ئەمیر خانەقینی) لەڕێگەی یەکێتی لاوانەوە پێشنیازی کرد پێکەوە ئەو پرۆژەیە ئەنجام بدەن.

> خەڵکی خانەقین ناسنامەی (هونەرمەندی ئەڵوەن) یان پێبەخشیم

وتیشی: «لەسەرتاوە (م.سیروان نەورۆز) زۆر یارمەتیدام و پێکەوە ئەو کارەمان دەکرد، بەڵام بەداخەوە دوای چەند ڕۆژێک باری تەندروستی تێکچو، ئیتر خۆم بە تەنها تەواوم کرد.»

«هونەرمەندی ئەڵوەن» لە درێژەی باسکردنی کارکردنی لەم پرۆژە جوانکارییە ئاماژەی بەوەشدا، ئەم کارە بۆ کچ ئاسان نییە کاتیک کە کچێک لەسەر شەقام وێنەدەکێشێت کەسانێکی زۆر دەبینێت کە توانج دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کەسانی زۆر دەستخۆشییان لێکردوە و ئەمەش بون بەهاندەری کە کارەکەی بەشێوەیەکی جوان ئەنجام بدات «لەو کەسانەش کە زۆر هاندەرم بون: خانەوادەکەم و بەتایبەتی خوشکەکەم».

تاژان، لەبارەی بەکارهێنانی جۆری کەرەستەو بۆیەکان لە پرۆژە جوانکارییەکەیدا، ئەوەی خستەڕو ئەو شوینانەی کاری تێدا کردون کۆن بون، هەربۆیە پێویستی کردوە هەمو جۆرە بۆیەیەکی تێدابەکاربهێنرێت. وتیشی: «لە دو شوێنی شارەکە من نەخشم کێشاوە یەکێکیان لە بازاڕی سەرای کە وێنەکە بریتی بو لە دیمەنی جوانی لەناوەڕاستی بازاڕی کۆنی شارەکەش کە ئەو بازاڕە بە شوێنێکی مێژوی دادەنرێت لە خانەقین لەسەر چەند دیوارێک نەخشم کێشاوە کە درێژیەکەی لەنێوان ٤ بۆ ٥م دەبێت و بەرزیەکەشی ٣م بو، هەروەها ئەوی تریان لە پلەکانەی نەخوشخانەی هیوایە لەبەر ئەوەی ئەو شوێنە تاکو بڵێت سیمای ئەو ناوچەیەی ناشرین کردبو و ماوەی ئیشکردنیشم لەو پرۆژەیە ١٢ بۆ ١٣ ڕۆژی خایاند.»

تاژان، باسیلەوەشکرد کە ئەمە یەکەم ئەزمونی ئەو بوە لەکێشانی وێنە لەسەر دیوار «ئەوە یەکەم جارم بو کە وێنە لەسەر دیوار بکێشم، زۆر قورس بو بەلامەوە بەتایبەت کە دەستم بە پرۆژەکە کرد مانگی حوزەیران بو و کەشوهەوا زۆر گەرم بو و هەروەها تاقیکردنەوەشم هەبو، بۆیە ماوەیەک دابڕام، پاشان بۆ دوەمجار دەستم بە کار کردن کردەوە لەبەر ئەوەی باوەڕم بەخۆم هەبو کە دەتوانم ئەو کارە بەجوانترین شێوە ئەنجام بدەم.»

ژنانی گەرمیان دەبنە مەلەوان

نەوژین،
زریان محەمەد — جوانە جەلیل

ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان، لە تەمەن و ئاستی خوێندن و پیشەیی جیاواز، حەوزێکی مەلەکردن کۆیکردبونەوە. ئەوان هەریەکەو لەجێگەو گەڕەکێکی جیاوازەو هاتبون و سەرقاڵی مەلەکردن بون، لەدیمەنێک دا ڕادەی ئەو بەرەوپێشەوەچونە پیشان دەدات کە ژنانی گەرمیان لە خواست و ئارەزوەکانیاندا بەدییان هێناوە.

> ڕێژەیەکی زۆری ژنان لەتەمەن و پیشە جیاوازەکان دەستیان بە مەلەوانی کردوە

لەئێستادا و ڕۆژانە، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی کەلار، بۆ مەلەکردن ڕو لە مەلەوانگەی سپۆرت سەنتەر دەکەن، ئەوان خۆشحاڵن بەم هەنگاوەیان و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارانی مەلەوانگەکەش، باس لە زیادبونی ڕێژەی سەردانیکەرانیان دەکەن.

بەهار ڕەحیم، (٣٣) ساڵ، جگە لە پیشەی مامۆستایی، خوێندکاری بەشی وەرزشە لە زانکۆی گەرمیان، باس لەوە دەکات هاتنی بۆ ئەم مەلەوانگەیە بۆ دو هۆکار دەگەڕێتەوە.

ڕونیکردەوە: «هۆکاری یەکەم: حەزو خولیام بۆ مەلەوانی وایکردوە سەردانی ئێرە بکەم و لە پاڵ ئەمەشدا بیرۆکەی ئەوەم هەیە لە ڕێگەی ئەم سەنتەرەوە ببم بە ڕاهێنەری مەلەوانی. هۆکاری دوەمیش یەکێک لە وانەکانی زانکۆم وانەی مەلەوانیە بۆیە ئەمە وایکردوە سەردانی ئێرە بکەم.»

وتیشی: «سەرەڕای پیشەی مامۆستایم و سەرقاڵم بە خوێندنەوە، بەڵام حەز و خولیام بۆ فێربونی مەلەوانی وایکردوە کە هەفتەی جارێک سەردانی مەلەوانگەی سپۆرت سەنتەر بکەم».

بەڵام جیاوازتر لە بەهار، ڕوناک ئیبراهیم، (٤٠) ساڵ، بۆ (نەوژین) وتی: «من بەهۆی نەخۆشی فەقەراتەوە بۆ نزیکەی ساڵێکە سەردانی ئێرە دەکەم و سوپاس بۆ خوا سودێکی زۆر باشم لێبینیوە».

وتیشی: «زۆر سوپاسی ڕاهێنەرەکەم دەکەم، کە بە هەمو شێوەیەک هاوکاریمان دەکات و فێرمان دەکات».

ئەگەرچی کردنەوەی مەلەوانگەی سپۆرت سەنتەری تایبەت بە ئافرەتان لە گەرمیان شتێکی نوێ نییە و نزیکەی (٣) ساڵە کراوەتەوە، بەڵام بە هۆی نەبونی ئاستی وشیاری و زاڵبونی کلتورەوە ڕێژەی سەردانی کردنی سنوردار بوە، بەڵام بەهار بە پێچەوانەوە ڕچەشکێنی کردوەو دەستبەرداری حەزو خولیای مەلەوانی نەبوە، وەک خۆی دەڵێت: «زۆر سوپاسی خانەوادەکەم و هاوسەرەکەم دەکەم کە زۆر هاوکارم بون».

مەلەوانگەی سپۆرت سەنتەر، لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢٠ بۆ هەردو بەشی ئافرەتان و پیاوان کراوەتەوە، ئەم مەلەوانگەیە زیاد لە (٢٥) کارمەندو (٤) ڕاهێنەر لەخۆدەگرێت و یەکێک لە ڕاهێنەرەکان ئافرەتەو تایبەتە بە بەشی ئافرەتان، تاوەکو ئێستاش (٤٠) خوێندکاری ئافرەتیان پێگەیاندوە لە بواری مەلەوانیدا.

سیڤان سەروەت، ڕاهێنەری بەشی ئافرەتان لە مەلەوانگەی سپۆرت سەنتەر بۆ (نەوژین) وتی: « بۆ ماوەی (٢) ساڵە ڕاهێنەرم لێرە , فێرکردنی ئەو کەسانەی کە سەردانمان دەکەن کارێکی قورسەو ماندوبونی دەوێت، بەڵام من ئاسودەم لەگەڵ کارەکەم و ئەوانەشی کە ڕاهێنانیان پێدەکەم».

وتیشی: «جگە لەوانەی کە بۆ فێربون و بەهۆی نەخۆشیەوە سەردانم دەکەن، چەند خوێندکارێکی منداڵیشم هەیە کە لە خوار تەمەنی (١٢) ساڵیەوەن، فێرکردنی ئەوان بۆ من ئاسانترو چێژبەخشترە، چونکە ئەوان ناترسن و وزەیەکی زیاتریان هەیە بۆ فێربون».

سیڤان وەک خۆی دەڵێت: «من زۆر ئاسودەم بە کارەکەم و تاوەکو ئێستا هیچ ئاستەنگ و بەربەستێکی وەهام نەهاتوەتە پێش تاوەکو پەشیمانم بکاتەوە لە پیشەکەم، لەگەڵ ئەوەش پاڵپشتی خێزانەکەم هۆکارێکی تری سەرکەوتنمە».

محەمەد ئەحمەد، بەڕێوەبەری مەلەوانگەی سپۆرت سەنتەر، بە (نەوژین)ی ڕاگەیاند: «لەسەرەتای کردنەوەی ئەم سەنتەرە بەشێکی کەمی ئافرەتان سەردانیان دەکردین، ئەوانەشی کە دەهاتن بە هۆی نەخۆشی فەقەراتەوە دەهاتن».

وتیشی: «بەخۆشحاڵییەوە لە ئێستادا ڕێژەکە زیادی کردوەو لە تەمەن و پیشە جیاوازەکانەوە سەردانمان دەکەن».

ئاماژەی بەوەشدا: «جگە لە شاری کەلار، لە قەزاو ناحیەکانی تری گەرمیانیشەوە سەردانی ئەم مەلەوانگەیە دەکەن.»